دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە


ژمارە ٧٨٥، چوارشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com


■ مستەفا هیجری: یەکگرتنەوە بڕیاری حیزبە و لە کۆنگرە پەسند کراوە ٢

■ بەیاننامەی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ «پەیمانی نوێن»ی «ڕەزا پەهلەوی» ٢


■ بە خۆڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین ٣



هەژاری و دەرەنجامەکانی ٤



بانگەوازی ستراسبۆرگ بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام ٦




کورد، کۆماری ئیسلامی، بەجیهانیبوون و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ٨



لە جاشەوە بۆ جاش قەڵەمەکانی کوردستان ١٠

# ئێران سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ ناوچە




سەرۆکی شورای هاوکاریی کەنداو ڕایگەیاند: «ئێران لە ناوچەکەدا هەوڵی توندوتیژی دەدات و لە بواری پەروەردەیی، دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی و ناردنی چەکوچۆڵ پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکانی عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان دەکات».

ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی ڕەزبەر، «نایف بێن فەلاح ئەلحوجرەف» سەرۆکی شورای هاوکاریی کەنداو وتی: «ئێران بە دوژمنی و توندوتیژیکردن لە ناوچەکە دەیهەوێت بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بگات». بە وتەی «فەلاح ئەلحوجرەف» هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە کە ئەندامی شورای هاوکاریی کەنداون بە شێوەی بەردەوام لەلایەن ڕێژیمی ئێران و دەستوپێوەندییەکانیەوە کراونەتە ئامانجی مووشەکی و ڕاکێتی.

ئەمەش دوای ئەوە هاتە گۆڕێ کە ڕۆژی دووشەممە ٢١ی ڕەزبەر، «عەبدوڵڵا ئەلموعەلمی» باڵوێزی عەرەبستان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کارگرووپی ٧٥ی کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ڕایگەیاندبوو: «ئێران بە پشتیوانیکردن لە گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە، بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان پێشێل دەکات»؛ هەروەها وتبووی: «بە گرنگییەوە دەڕوانینە ئەو هەوڵانەی کە بە مەبەستی لەنێوبردنی چەکوچۆڵی ناوکیی ڕێژیمی ئێران بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لە ئارادایە».

هەرلەو پەیوەندییەدا ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی ڕەزبەر، «مایک پۆمپێئۆ» وەزیری دەرەوەی ئامریکا ڕایگەیاندبوو: «ئەو کەس و ناوەندانەی کە چەکوچۆڵ دەفرۆشن بە ڕێژیمی ئێران یان لە ڕاگواستنی چەکوچۆڵدا یارمەتییان دەدەن، گەمارۆیان دەخەینە سەر».

دوابەدوای وتەکانی ناوبراو وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ٢ هاووڵاتی و ٦ دامەزراوەی چینی بەهۆی پێشێلکردنی تەحریم و بڕیارەکانی ئامریکا و پێوەندی گرتن لەگەڵ هێڵی گواستنەوە و کۆمپانیای کەشتیرانی ئێرانی خستە لیستی ڕەشەوە. لەلایەکی دیکەشەوە نوێنەری تایبەتی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران، ئێلیۆت ئابرامز ڕایگەیاندووە: «دژ بەو کەسانەی کە بەدوای ڕێککەوتن لە بواری چەکوچۆڵ لەگەڵ ئێران بن تەحریمی تایبەتمان دیاری کردووە.

بەوتەی ناوبراو ئامریکا چاوەڕێی ئەوە ناکات کە بەهۆی لابردنی تەحریمەکان، کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکوچۆڵی نوێ ڕابگات بەڵکوو هەموو هەوڵی ئامریکا ئەوەیە کە لە دەسپێڕاگەیشتنی تاران بە چەکوچۆڵی مۆدێرن پێشگیری بکات». هەر لەمبارەوە وەزیری بەرگری ئامریکا ڕایگەیاندووە: «وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆیان دەرکەوتووە کە گەورەترین هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایشی ناوچە بریتییە لە چالاکییە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامی».

کۆی ئەم باس و خواستانە کە دەکرێ لە چوارچێوەی سیاسەتی گوشاری لانیزۆری ئامریکا پێناسەی بۆ بکرێت، دەرخەری ئەوەن کە داهاتووی کۆماری ئیسلامی داهاتوویەکی لێڵاوییە کە تێیدا گوشارەکان دەگەنە لووتکەی خۆیان. گوشارگەلێک کە وەک زۆرێک لە چاودێران دەڵێن وڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە کە ئایا ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران دەگۆڕدرێ؟ بەوتەی بەشێک لە چاودێرانی سیاسی گوشارە لانیزۆرە ئابوورییەکان کە هەنووکە کۆڵەکەی ژیان واتە ئابووریی ئێرانی کردووەتە ئامانج هاوتەراز لەگەڵ بەرینتربوونەوەی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، پێکەوە ئیرادەیەکی گشتی لە ناخی کۆمەڵگای ئێراندا ساز دەکەن کە سەرلەبەری کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ. دیارە ئاماژە بەوەش دەکرێ کە ئەم کردارە بەرهەڵستکارانەیە بێ تێچوو نابێت و لەوانەیە تێچووەکەشی زۆر قورس بێ. چونکە کۆماری ئیسلامیش دژکردەوەی تایبەتی خۆی دەبێ کە لە حاڵەتێکی لەو چەشنە بریتییە لە سەرکوتی بێبەزەییانە و دەسنەپاراستن لە نارازییان و خوازیارانی سەرەونخوونکردنی ڕێژیم؛ بەڵام خەڵکانی وەزاڵەهاتووی ئێران ئامادەی دانی وەها نرخێک هەن چونکە هەم ئازادی و هەمیش کەرامەتیان ژێرپێ نراوە و هیچ هیوایەکیان بۆ داهاتوو نییە.

## ئارد نییە!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا قەیرانێکیتر ڕووی لە شار و شارۆچکەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کرد. قەیرانی نەبوونی نان!

ئەگەرچی نەبوون یان کەمبوونی پێداویستییەکانی ژیان لە سێبەری دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندیدا پرسێکی نوێ نییە و هەر ئانوساتێک دەبێ چاوەڕوانی نەمانی یەکێک لە پێداویستییەکانی ژیان بین لەم وڵاتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەبوونی ئارد و نان لە وڵاتێکدا و لە هەریم و ناوچەیەکدا کە بۆخۆی سەرچاوەی ڕزقێکی وەک ئاردە شتێکی نامۆ و سەیر دێتە بەرچاو.

کوردستان ئەو هەرێمە بەپیت و بەرەکەتەیە کە بەشێکی سەرەکی لە داهاتەکەی بۆ گەنم و ئارد دەگەڕێتەوە بەڵام دەبینین کە بەهۆی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی و تیڕوانینی داگیرکەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم ناوچەیە خەڵک دەبێ بەدوای ناندا وەیلان بێت.

لە ئێستادا نرخی ئاردی ئازاد چوار بەرابەر گرانتر بووە و یەکیەتیی نانواخانەکانیش ئارد بۆ نانواخانەکان دابین ناکات؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی نان بەسەختی لە نانەواخانەکانی کوردستان دەست دەکەوێت، لە هەمان کاتیشدا ئارد کەمە و نرخەکەشی دوو بەرابەر بەرزتر بووەتەوە. کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێرانیش ئیدعا دەکەن کە کێشەی کەمیی ئارد لە شارەکاندا بوونی نییە و ئەوە دەستی دەڵاڵەکانی لە پشتە. ئەم ئیدیعای ڕێژیمش لە کاتێکدایە کە بەپێی ڕاپۆرتەکان، هەتا ئێستا لە چەندین شوێنی جیاجیادا خەڵک لە سەفی نانەواخانەکاندا لەسەر نان بووەتە شەڕیان. ڕاستیی ڕووداوەکانیش لە زمانی ئەندامێکی هەیئەتی زانستیی زانستگای یەزد باس کرا کە ڕای گەیاند دەبێ خۆراک و خواردن لە ئێراندا جیرەبەندی بکرێ!

### پەیڤ

## مەرگ و ئەرک

**کەریم پەرویزی**

کاتێک هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیمێک بە دۆشکا لە نێو شاردا دەسڕێژ لە خەڵک دەکەن و بە سەدان و هەزاران گوردانی ئیمام عەلی دەنێرنە نێو کۆڵان و شەقامەکان تاکوو خەڵک بە دڕندانەترین شێوە بکوژن، ئەم ڕێژیمە بە ڕوونی و بە ڕاشکاوی دەڵێ کە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک لە پێناوی مانەوەی وەلیی فەقیە و نیزام هەموو مرۆڤەکان دەکوژێ و ئامادەی ئەنجامدانی هەر جۆرە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدێکە.ئەم ڕێژیمە گەر بوومەلەرزە و لافاوێک ڕوو بدا،بە هانای خەڵکەوە ناچێ تاکوو ڕەنج و ئازاری زۆرتر بکێشن و ماڵوێرانیی زۆرتر بەسەر خەڵکدا بێ، چوونکە لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێ بۆ تۆڵەکردنەوە لە خەڵک. لای ئەم ڕێژیمە و لەسەرووی هەموویانەوە، خودی خامنەیی، دوژمن بریتییە لە خەڵکانی ئێران و نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە و بۆیەش بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە کە دوژمن خەریکە نفووز دەکاتە نێو وڵات! لای ئەم ڕێژیمە هەموو خەڵک دوژمنن و دەبێ بە هەر شێوەیەک بووبێ بکوژرێن. لە ئێستەدا ڤیرووسێک هاتووە و بۆتە نیعمەتێک بۆ خامنەیی تاکوو هەموو خەڵکی پێ سزا بدا. ڤیرووسی کۆرۆنا ئەو بەڵا و نەهامەتییەیە کە ڕێژیمی ئاخوندی هەرچی زۆرتر و فراوانتر بڵاوەی پێ دەکا و بە سەر خەڵکیدا دەبارێنێ و مەرگیان بۆ بەدیاری دێنێ. لە هەموو جیهاندا وڵاتان بەرەو کۆنترۆڵی کۆرۆنا دەڕۆن، بەڵام ئەم ڕێژیمە خوێنمژە، هەموو مانگ و هەموو حەوتوویەک ڕێکۆردی تووشبوون و کوشتار بە کۆرۆنا دەشکێنێ و بە ڕوونی دیارە کە ڕێژیم دەیهەوێ خەڵکی زیاتر بە کۆرۆنا بمرن و دەیهەوێ کۆمەڵگای پێ بەچۆکدا بێنێ. لە ئێستەدا کە کۆرۆنا بۆتە چەکێکی ڤیرووسی بەدەستی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهییەوە، بۆ بەرەنگاریی ئەم شەڕە میکرۆبی و کۆمەڵکوژییە، ئەرکە لە سەر شانی کۆمەڵگا کە بەرخۆدان و خۆڕاگریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ڕابگەیەنێ و لە ڕاستیدا دژبەریی کۆرۆنا دژبەریی سەرتاپای ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهییە. هەموو نەتەوەکان لە ئێراندا دەبێ شەڕێکی سەرتاسەری لەگەڵ هرووژمی میکرۆبیی ڕێژیم واتە کۆرۆنا ڕابگەیەنن و خۆڕاگری و خۆپارێزی لە مەرگی کۆرۆنایی خۆڕاگرییە بەرامبەر بە ڕێژیمێک کە دەیهەوێ هەموو کۆمەڵگا تووشی مەرگێکی دڕندانە بکات و لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## مستەفا هیجری:
## یەکگرتنەوە بڕیاری حیزبە و لە کۆنگرە پەسند کراوە




«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاندووە ئێمە لە ئاستێکی باڵای ڕێبەرایەتیدا دانیشتنەکانمان بە شێوەی جیددی بۆ یەکگرتنەوە دەست پێکردووە.
«هیجری»باسی لەوە کردووە ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ یەکگرتنەوە هەندێک بڕیاری تازەمان داوە؛ سەرەڕای ئەوەیکە لە سەر هەندێک خاڵ ناکۆک هەیە بەڵام ئێمە بڕیارمان داوە دانیشتنەکان بە چڕی بەردەوام بێت.
ناوبراو جەختی کردووەتەوە هەتا ئەو جێگایە کە نەگەینە بە ئاکامێکی ڕوون هیچ شتێک لە ڕاگەیەندنەکان بڵاو نەکەینەوە بەڵام کارەکان لە پێشوو باشتر دەڕواتە پێش.
لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەبارەی یەکڕیزیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە کە خەریکە ڕوو دەدات باسی لەوە کرد ئێمە لەمێژە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە کە دەبێ یەکگرتوو بین و کاریشی بۆ دەکەین و لەو پێوەندییەدا ناوەندی هاوکاریمان پێک هێناوە.
«مستەفا هیجری» ڕایگەیاندووە: «نەتەوەکانی ئێران نایانهەوێ حکوومەتێکی ناوەندی هاوشێوەی ئێستا لە تاران یا وەک ڕێژیمی پاشایەتی لە تاراندا بێتە سەر کار». ناوبراو ڕوو لە خەڵکی کوردستان ڕایگەیاندووە: «پەیامی ئێمە بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە ئەو ئەرکەی کە کۆنگرە پێی سپاردوین و لەسەر ویست و داخوازیی خەڵک بە جیدی پرۆسەی یەکگرتنەوەمان دەست پێکردووە و لە هەوڵداین، بۆ ئەوەی پێش وادەی کۆنگرەی داهاتوو بە ئەنجامێکی دڵخواز بگەین کە خەڵکەکەمان پێی شاد بێت، بتوانین کۆنگرەیەکی هاوبەشمان هەبێت و حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە یەک بگرێتەوە».
مستەفا هیجری لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئامریکا باسی لەوە کرد: «ئێمە پەیوەندییمان لەگەڵ ئامریکاییەکان هەیە، بەڵام لۆبی بۆ هیچ کام لە کاندیدەکان ناکەین، پێمان وایە، هەر یەك لە کاندیدەکان دەربچێت و ببێتە سەرۆکی ئامریکا، گۆڕانکاری لە بۆچوونی واشنتۆن لەبارەی ئێران نابێت، ئێران لەژێر فشاردا دەمێنێتەوە، بەم سیاسەتەی ئێران ٤٠ ساڵە پەیڕەوی دەکات ئەگەر لێی بەردەوام بێت، فشارەکانیش لەسەری بەردەوام دەبن».

## بەیاننامەی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات
## لە پێوەندی لەگەڵ
## «پەیمانی نوین»ـی «ڕەزا پەهلەوی»

لە پێوەندی لەگەڵ «پەیمانی نوین»ـی شازادە ڕەزا پەهلەوی ڕۆژی ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٩ بەرابەر لەگەڵ ٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٠، «ڕەزا پەهلەوی» بە ڤیدیۆ بەرنامەیەکی نوێی بە ناوی «پەیمانی نوین» (پیمان نوین) ڕاگەیاند. ناوبراو لە قسەکانیدا بەکورتی، دوای ئاماژە بەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی لە ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بێجگە لە دیکتاتۆری، سەرکوت، تیرۆر، دزی، گەندەڵی و هەژاری و... دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی ئێران نەبووە، داوا دەکات کە کۆمەڵانی خەڵک یەک بگرن، ئیعترازات و مانگرتن وەڕێ بخەن و بەیەکەوە بۆ پێچانەوەی تۆماری کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا تێبکۆشن.
چەند تێلێڤیزیۆنی فارسی زمانیش لە پشتیوانی لەگەڵ «پەیمانی نوین» بە تێروتەسەلی تەبلیغاتی بۆ دەکەن و هەوڵ دەدەن «پەیمانی نوین» وەک بەرنامەیەکی تازە و تەنانەت وەک «مانیفێستێک» بۆ ڕزگاریی ئێران بە بیروڕای گشتی بناسێنن!
بەڵام «پەیمانی نوین»ـیش وەک زۆربەی بەرنامە و هەڵوێستەکانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری بەسەر واقعییەتەکانی کۆمەڵگای ئێراندا بازی داوە. هۆکارێکی سەرەکی هەرەسهێنان و سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی ڕابردووش هەر نەسەلماندنی واقعییەتەکانی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای ئێران بووە: ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەزمانی و فرەئایینییە و هەرچەندی حاشای لێ بکرێت، شتێک لەو واقعییەتە ناگۆڕێت. بەرنامەیەکی سیاسی ئەوکاتە دەتوانێت زۆربەی خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە کە بۆ ئێرانێک بێت کە ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێران لەبەرچاو بگرێت، نەک دەستکرد و ئیدئولۆژیک!
مەبەستی بەڕێز «ڕەزا پەهلەوی» و هاوبیرانی لە ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ ئێرانێکە کە حاشا لە بوون و هۆوییەتی زیاتر لە نیوەی حەشیمەتەکەی دەکرێت، منداڵانی نیوەی حەشیمەتەکەی لە سەرەتاییترین مافی مرۆڤ واتە خوێندن بە زمانی دایکی و مافە سیاسی و کولتوورییەکانیان بێبەش دەکرێن و... هتد. ئێرانێکی یەک نەتەوەیی و یەک زمانی و یەک کولتووری تەنیا لە خەیاڵ و ئیدئولوژیی ڕادیکاڵدا بوونی هەیە.
بەردەنگی «پەیمان نوین»ـی «ڕەزا پەهلەوی» خەڵکی تاران و شیراز و مەشهەد و شارە فارسنشینەکانی دیکەی ئێرانە نەک نەتەوە ستەملێکراوەکان. بۆیە «پەیمانی نوین» زیاتر وەک هیوا و ئاوات دەچێ هەتا بەرنامەیەکی سیاسیی واقعبینانە کە ببێتە بنەمایەک بۆ چارەسەریی سیاسیی پرسی نەتەوەکانی غەیرەفارس.
«ڕەزا پەهلەوی» لە پێوەندی لەگەڵ پرسی گەلانی ئێراندا بێ لایەن نییە و بە بیر و باوەڕ بەشێکە لەو ڕەوتە فیکرییە کە دانەنان بە هۆوییەتی گەلانی غەیرەفارس و سەلماندنی مافە سیاسییەکانیان بە ناتەبا و نەگونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی و یەکپارچەیی خاکی ئێران دەزانن. ناوبراو لە مانگی مارسی ٢٠١٩دا لە وتووێژێکدا بەئاشکرا ڕایگەیاند کە «ئەو لە مەنتقی خوێندن بە زمانی دایکی تێناگات»!
٤٢ ساڵە ئێمە وەک کورد ڕۆژانە دیکتاتۆری و سەرکوت و تیرۆر و هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی بە ڕەگ و پێستەوە هەست پێدەکەین. ماوەی ٤٢ ساڵە گەلی کورد بە کردەوە بە دژی زوڵم و زۆری بێسنووری ڕێژیم وەستاوەتەوە. بەڵام دوائامانجی ئێمە تەنیا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە، ئامانجی ئێمە دابینکردنی ماف و ئازادی بۆ گەلی کوردە لە ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵدا. بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەین و ئامادەین لە پێناویدا قوربانی بدەین، لەبەر ئەوەی بە کۆسپی سەر ڕێگای دابینکردنی ماف و ئازادیی خۆمانی دەزانین.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر جاران ڕایگەیاندووە کە دەرگای دیالۆگی بۆ گەیشتن بە لێکتێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ئاواڵەیە و یەکگرتن و پێکهێنانی بەدیلێکی دێموکراتیک و گشتگیر لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیک بە زەرووڕەتی ئەوڕۆی ئێران دەزانێت. بەڵام لە هەمان کاتدا و بەپێی مەنتق، ئێمە هاوکاری و پشتیوانیی هێزێک دەکەین کە بەڕوونی بە دوور لە «کۆلی گویی» (کلی گویی) پێمان بڵێت ئەگەر سبەینێ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری و پشتگیریی ئێمە دەسەڵاتی لە تاران بەدەستەوە گرت، چ شتێک بۆ ئێمە دەگۆڕێت؟ ماف و ئازادیمان دەسەلمێندرێت و کۆتایی بە سەرکوت و هەڵاواردن و بێبەشیی کورد دێت؟ لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی غەیرەفارس، حکوومەتی دوای کۆماری ئیسلامی ماهییەتەن چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێستا دەبێت؟


**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەرابەر لەگەڵ ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠ی زایینی**

## نووسینگەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات
## ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە

نووسینگەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنیسبەت بڵاوبوونەوەی بابەتێک لە زمانی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.
دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:
لە هەندێک لە پەیج و کاناڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە وتووێژی هەیئەتەکان سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، بابەتێک لە زمانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو بووەتەوە.
سەرەڕای بڕوا بە یەکگرتنەوە و پێویستیی ئەو کارە گرینگە و هەروەها هەوڵدان بۆ ئەو مەبەستە، ڕادەگەیەنین کە ئەوەی بڵاو بووەتەوە قسەی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزب نییە و لە هیچ شوێنێک ئەو قسانە نەکراوە و ڕەنگە ئاوات یان لێکدانەوەی ئەو کەسانە بێت کە ئەو وتانەیان بڵاو کردبێتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نووسینگەی کارگێڕی**
**٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی**

## لە چیای «سوور و سات» پەروەردە کراوین



کاک «محەممەد ناسری» ناسراو بە «حەمەی ناسری» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتکاری ڕۆژانی سەخت کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی کاک «محەممەد ناسری» کوڕی «عەبدوڵڵا و زینەت» خەڵکی «هەوشار» سەنگەری خەباتی بە هاوسەنگەرانی ئەسپارد.
کاک «محەممەد» ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە گوندی «ئەمین ئاوا» لەدایک بووە و لە تەمەنی ٦٥ساڵیداماڵاوایی لە ژیان کرد.
ناوبراو ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دێتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەتا ساڵی ١٣٦٥ی لە هێزی «هەوشار»دا سازمان دراوە.
کاک «محەممەد» ساڵی ٦٥ هەتا ٦٨ی هەتاوی لە نەخۆشخانەی حیزبدا کار دەکات.
دواتر ساڵی ٦٨ هەتا ٧٠ لە هێزی شەهید «عەزیز یووسفی»ـدا ئەرکی حیزبیی خۆی بەڕێوە بردووە.
ناوبراو لە ماوەی ساڵەکانی ٧٠ هەتا ٧٢ی هەتاوی لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتدا کاری کردووە.
بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ٧٢ هەتا ٧٣ هەتاوی لە هێزی «سامرەند»دا بەرپرسیارەتی هەبووە.
ئەو خەباتکارە لە ساڵەکانی ٧٣ بۆ ٧٤ی هەتاوی دووبارە لە سکرتاریا کاری پێ ئەسپێردراوە. ناوبراو ساڵی ٧٤ هەتا ٧٥ی هەتاوی لە کەرکووک کاری حیزبیی پێ دەسپێردرێت. لە ساڵەکانی ٧٥ هەتا ٨٠ی هەتاوی لە نەخۆشخانە کار دەکات.
کاک «محەممەد» لە ڕووداوێکی نەخوازراودا کەمئەندام دەبێ و بەو هۆیەوە لە حیزبدا وەک کەمئەندامێک ڕێزی لێدەگیرێت. ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە کاک «محەممەد» لە ڕەزبەری پاییزدا بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی دەکات. ڕەزبەرێک کە داری هیوای کاک محەممەد بۆ هەمیشە پڕ بار مایەوە و ئامانجەکانی دەبن بە چرۆی ژیانەوە.
ئێستاش ڕێبوارەکانی کاک محەممەد چەکی دەستی ناوبرایان هەڵگرتووە و هەتا دوایین هەناسە درێژەدەری ڕێبازی دەبن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ئەو پێشمەرگەیە و هەموو هاوسەنگەرانی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## قەندیل تێکۆشەرێکی خۆی لە ئامێز گرت



مام «ڕەحیم پوورئیبراهیم» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا بۆ هەمیشە سەنگەری خەباتی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێهێشت و بیر و هزری نیشتمانپەروەریی بۆ هەمیشە زیندوو مایەوە.
ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، مام «ڕەحیم پوورئیبراهیم» کوڕی «محەممەدشەریف و زیبا» یەکێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ناوبراو ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی «سۆغانلوو» سەر بە ناوچەی پیرانی پیرانشار لەدایک بووە. ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی پەیوەست بووە بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.
مام ڕەحیم لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە شەڕی بەناوبانگی «چیانە» بریندار دەبێت و بە دیل دەگیرێت. داوی بە دیلگیرانی بۆ ماوەی ٢ ساڵ ٨ مانگ لە زیندانەکانی کۆنەپەرەستیدا دەمێنێتەوە.
ئەو پێشمەرگە قارەمانە لە ماوەی زیندانیکرانیدا لە ژێر سەختترین ئەشکەنجەدا دەبێت بەڵام هیچ کات نهێنییەکانی حیزبی بە دوژمن ناڵێت.
مام ڕەحیم دواتر لە گۆڕینەوەی ئەسیرەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران ئازاد دەکرێت و دوابەدوای ئازادبوونی پێوەندی بە حیزب دەگرێتەوە؛ ئەمجارە وەک ئەندامێکی نهێنیی حیزب درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات.
ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی مام ڕەحیم وەک ئەندامی نهێنی ئاشکرا دەبێت و بە ناچاری زێدی خۆی بەجێ دێڵێت.
دوای ئاشکرابوونی و گەڕانەوەی بۆ ناو حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی و لە ناوەندی ٣ی ئەو کات سازمان دەدرێت.
مام ڕەحیم ئەگەرچی ڕیزی هاوسەنگەرانی بەجێهێشت بەڵام ڕێگا و ئامانجەکەی پڕ ڕێبوار دەبێت.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو و هاوسەنگەرانی مام ڕەحیم دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە مەلای گەورەی کۆیە بەشداریی کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی بە بەشداریی نوێنەری حیزب لە کۆیە لە ڕێوڕەسمی ٧٧ ساڵەی کۆچی دوایی مەلای گەورەی کۆیە بەشداریی کرد. ڕۆژی شەممە ١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٩، شاندی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزب پێکهاتوو لە «ناسر ساڵحی ئەسڵ» نوێنەری حیزب لە کۆیە،«سەلام ئیسماعیل پوور» ئەندامی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان و شاندی هاوڕێ لە ڕێوڕەسمی ٧٧ ساڵەی کۆچی دوایی زانا و بیرمەندی ئایینی و نەتەوایەتی، مەلا «محەممەد جەلیزادە» کە لە باخچەی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەچوو، بەشداریی کرد. لەو ڕێوڕەسمەدا وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و کۆمەڵێک لە پارلمانتارەکان و بەرپرسانی حیزبی و حکوومیی هەرێمی کوردستان و میوان و کەسایەتییە ئایینی و زانستییەکان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان بەشدار بوون و لە چەند بڕگەی جیاجیادا باس لەسەر کەسایەتی و پێگەی زانستی و ئایینی و نەتەوایەتیی مەلای گەورە کرا.
لە کۆتایی بەشی یەکەمی ئەو کۆڕیادەدا کتێبی تەفسیری مەلای گەورە لە قورئان کە لە چوار بەرگدا لەسەر ئەرکی دوکتور بەرهەم ساڵح، سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ چاپ کرابوو، لەنێو ئامادەبوواندا دابەش کرا.
لە دوایین بەشی ڕێوڕەسمەکەدا کە لە گۆڕستانی دەروێش خدری شاری کۆیە بەڕێوە چوو، بەشداربووان سەردانی گۆڕی مەلای گەورەیان کرد و ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی ئەو کەسایەتییە ئایینییە نیشتمانپەروەرە گرت.

## ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە تاران
## کتێبەکانی دوکتور «قاسملوو» و چەند کتێبێکی حیزبی دیکەیان چاپ و بڵاو کردەوە

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە «تاران»، بەمەبەستی ئاشناکردنی توێژی خوێندکار و ئاکادیمیکی کوردستان و ئێران لەگەڵ سیاسەت و ئامانج و ڕێبازی حیزبی دێموکرات چەندین کتێبی تایبەت بە ڕێبەری شەهید دوکتور «قاسملوو» و چەند کتێبێکی دیکەی حیزبییان لەنێو زانکۆکانی چەند شاری کوردستان و ئێراندا بڵاو کردووەتەوە.
ئەوکتێبانە کە لە تاران چاپ و بڵاو کراونەتەوە بریتین لە: «کوردستان و کورد، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، تاقگەی حەقیقەت بەرگی ١ و ٢، ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا، اندیشەهای دکتر قاسملو، بەشێک لە وتووێژەکانی مستەفا هیجری و نسکۆ و دابڕان».
ئەو کتێبانە لەنێو زانکۆکانی «تاران»، «تەورێز»، «کرماشان» و «سنە» و لە هەر کتێب ٥٠ بەرگ چاپ و بڵاویان کراونەتەوە.
بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و خوێنداکارانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێوە کراوە.

# هەژاری و دەرەنجامەکانی



شەماڵ تەرغیبی

١٧ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانی هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی هەژارییە. ئەم ڕۆژە لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند و تۆمار کرا. ئێمە لە کاتێکدا ئاوڕ لەم ڕۆژە جیهانییە دەدەینەوە کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەنووکە لە ڕیزبەندیی جیهانیدا سەرباری هەبوونی سەدان و هەزاران هەل و دەرەتان بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن، بووەتە یەکێک لە هەژارترین وڵاتانی جیهان؛ بەچەشنێک کە بەپێی دوایین داتا و ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانی «گاڵۆپ»، ئێران لە دوای ڤێنزۆئێلا بەهۆی هەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە هەڵاوسان، گرانی، گەندەڵیی ماڵی، دۆخی خراپی ئابووری، کێشەی زۆری کۆمەڵایەتی و کەلێنی قووڵی چینایەتی دووهەمین وڵاتی جیهانە لەڕووی چارەڕەشی و فەلاکەتەوە! لەمەش زیاتر پرسی چارەڕەشی لە ئێراندا وای لێهاتووە کە تەنانەت بەرپرسانی حکومەتیش ناتوانن بیانشارنەوە. بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم، لە دوای هەڵاوسان و چوونەسەرەوەی نرخی بێکاری، ڕێژەی خۆشبژێوی بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و لە هەمان کاتدا پێوەری چارەڕەشی دوو هێندە چووەتە سەرێ. بەهاری ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێژەی چارەڕەشی ٢٠.٣ لەسەد بووە بەڵام پێوەری چارەڕەشی لە زستانی ساڵی ٩٨ گەیشتووەتە، ٤٥ لەسەد.

ئەو ئامارانە دەریدەخات کە بارودۆخی خەڵکانی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت و چارەڕەشی، بێ دەرەتانی، هەژاری، بێکاری و هەڵاوسان تەنگی پێیان هەڵچنیوە.

لەلایەکی دیکەشەوە دوایین ئاماری دامەزراوەی گاڵۆپ سەبارەت بە هەستە ئینسانییەکان لە ئاستی جیهانیدا دەری خستووە کە ئێران لە بواری سترێس و پاش وڵاتانێکی وەک تانزانیا و فیلیپین و هاوتەراز لەگەڵ خەڵکانی ئالبانی و سریلانکا زۆرترین ڕێژەی سترێسیان هەیە؛ هەروەها خەڵکانی ئێران لە پاش عێراق و ئەرمەنستان تووڕەترین خەڵکانی جیهانن کە هیچ هیوایەکیان بە داهاتوو نییە و بە کوڵەمەرگییەوە ژیان تێدەپەڕێنن. بەپێی ئەم ڕاپرسییە زیاتر لە ٥٠٪ی خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران تووڕەن و سەبارەت بە دۆخی ژیانیان ناڕازین و پێیان وایە کە خەڵکی وڵاتانی عێراق و ئەفغانستان زۆر لەوان باشتر و لەبارتر دەژین!

هەر لەمبارەوە ڕێکخراوی بێهزیستی ڕێژیم ساڵی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە ٣٤٪ی حەشیمەتی ١٩ تا ٦٠ ساڵی ئێران تووشی گرفت و کێشەی دەروونی جۆراوجۆر بوونەتەوە کە سەرەکیترینیان بریتییە لە خەمۆکی، سترێس، تێکچوونی خەو، کرداری شەڕەنگێزانە. هەروەها ماڵپەڕی ئینتێرنێتی «سلامت نیوز» ئاشکرای کردووە کە ڕێژەی نەخۆشە دەروونییەکان لە ئێران لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا ١٢٪ زیادی کردووە کە ڕێژەکەی ٨٪ زیاتر لە نێونجی جیهانییە!

ئەوەیکە باس کرا تەنیا بەشێکن لە ئاسەوار و دەرەنجامەکانی پرسی هەژاری کە هەنووکە لە ئێراندا شەپۆلان دەخا. ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرانسە بە پشتبەستن بە دواڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیم ڕایگەیاندووە کە لە ئاکامی هاتنی ئێپیدێمی کۆرۆنا لە نێوان ٢/٥ تا ٦/٥ میلیۆن کەس لە ئێراندا بێکار بوون بەم پێیەش نرخی بێکاری لەم وڵاتەدا گەیشتووەتە ٣٧٪ کە ئەمە بەواتای زیادتربوونی نرخی بێکاری لە قەڵەم دەدرێ. بەپێی ئەم ڕاپۆرتەی لۆمۆند هەنووکە خەڵک بەتایبەت لە شارە گەورەکانی ئێران بەهۆی هەژاری لەڕادەبەدەر ناچار بوون بەشێک لە شوێنی ژیانی خۆیان بدەن بە کرێ تاکوو بتوانن کەلێنێکی ئابووریی ژیانیانی پێ قەرەبوو بکەنەوە. لەوەش خراپتر هەندێ کەس لەژێر خێوەتدا بوونەتە کرێنشین و لە سەربانی ماڵاندا دەژین.

**هەنووکە خەڵک بەتایبەت لە شارە گەورەکانی ئێران بەهۆی هەژاری لەڕادەبەدەر ناچار بوون بەشێک لە شوێنی ژیانی خۆیان بدەن بە کرێ تاکوو بتوانن کەلێنێکی ئابووریی ژیانیانی پێ قەرەبوو بکەنەوە. لەوەش خراپتر هەندێ کەس لەژێر خێوەتدا بوونەتە کرێنشین و لە سەربانی ماڵاندا دەژین.**
**ئەوانەی کە لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگا دەژیان، ئێستە بوونەتە بەشێک لە چینی کەمداهاتی کۆمەڵگا و بۆ تێرکردنی سکی برسییان ناچارن جلوبەرگ و کەرەستە کەسۆکییەکانیان هەرزانفرۆش بکەن**

ئەوانەی کە لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگا دەژیان، ئێستە بوونەتە بەشێک لە چینی کەمداهاتی کۆمەڵگا و بۆ تێرکردنی سکی برسییان ناچارن جلوبەرگ و کەرەستە کەسۆکییەکانیان هەرزانفرۆش بکەن.

بەشێکی دیکە لە دەرنجامەکانی هەژاری کە بەتایبەتی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی وەک ئێران بەرجەستە دەبێتەوە بریتین لە گەرموگوڕبوونی بازاڕی فرۆشتنی ئەندامانی لەش، قەیرانی پەراوێزنشینی، پەرەسەندنی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دزی، چوونەسەری ڕێژەی دەستفرۆشی و پیشە دروێینەکان، چوونەسەری ڕێژەی منداڵانی کار، ژنانی لەشفرۆش، کەمیی خۆراک و بەدخۆراکی کە هەر کام لەوان کاریگەری و شوێندانەرییان دەبێت لەسەر باقی جمگەکانی ژیان. لێرەدا بە کورتی هەوڵ دەدرێ بەشێک لەو دەرنجامانە شیتاڵ بکرێنەوە:

### فرۆشتنی ئەندامانی لەش:

کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی لەش کە هەنووکە لە ئێراندا بووەتە دیاردەیەکی تا ڕادەیەک ئاسایی و لە زۆر کۆڵان و بازاڕی شارەکاندا ڕێکلام و پڕوپاگەندای بۆ دەکرێ یەکێکە لە قێزەونترین دەرهاویشتەکانی هەژاری ڕەها، کە ناخی هەر مرۆڤێکی بەوێژدان ئازار دەدات. جیا لە پرسی فرۆشتن و کڕینی گورچیلە کە تەمەنی چەندین ساڵەی هەیە، هەنووکە بازاڕی فرۆشتنی چەند پارچە لە جەرگ، مۆخی ئێسک و ڕەشێنەی چاو و هەروەها بەکرێدانی منداڵدانیش زیادیان کردووە. بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی مەیدانی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لە بازاڕەکاندا لە نێوان ٥٠ تا ٥٠٠ میلیۆن و زیاتریش کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێ. زۆر جاران خەڵکانی هەژار و کەمداهاتی چینە خوارینەکان تەنیا شاهێدی زەجرکێشان و تەنانەت مردنی ئازیزانیان دەبن و چینە خاوەن سەرمایەکانیش بەهۆی دەوڵەمەندبوونیانەوە ئەندامانی لەشی خەڵکانی هەژار دەکڕنەوە و درێژە بە ژیان دەدەن.

### قەیرانی پەراوێزنشینی:

ئەگەرچی سەبارەت بەم پرسە گرینگە هاوشێوەی زۆربەی دیاردە و پرسەکانی تری ئێران ئامارێکی ورد لە بەردەستدا نییە بەڵام بەپێی لێدوانە جۆربەجۆرەکانی بەرپرسانی حکومەتی لە ئێستەدا لە نێوان ١١ تا ٢١ میلیۆن پەراوێزنشین لە ئێراندا بوونیان هەیە کە زۆر جار ڕێژیم بە ناوی «بدمسکن» هەوڵی لەکۆڵکردنەوەیان دەدات، لەحاڵێکدا کە دیاردەی پەراوێزنشینی هەنووکە یەکێک لە قەیرانە چارەسەرنەکراوەکانی جیهانە و گرینگییەکەی و پێویستی ئاوڕلێدانەوەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ناوچانەی بە پەراوێزنشین دەناسرێن لەبارترین بەستێنیان بۆ لادانە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و زۆرترین تاوانە کۆمەڵایەتییەکان لەو شوێنانەوە سەر هەڵدەدەن؛ لەوانەش دزی، سواڵکردن، ماددە سڕکەرەکان و دەستدرێژی جینسی و ... ئەم ناوچانە کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا بوونیان هەیە کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری شاری و بێهداشتییان هەیە و کەمترین ئاوڕیان لە لایەنی پێوەندیدارەوە لێ دەدرێتەوە.

**لە ئێستەدا لە نێوان ١١ تا ٢١ میلیۆن پەراوێزنشین لە ئێراندا بوونیان هەیە کە زۆر جار ڕێژیم بە ناوی «بدمسکن» هەوڵی لەکۆڵکردنەوەیان دەدات، لەحاڵێکدا کە دیاردەی پەراوێزنشینی هەنووکە یەکێک لە قەیرانە چارەسەرنەکراوەکانی جیهانە و گرینگییەکەی و پێویستی ئاوڕلێدانەوەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ناوچانەی بە پەراوێزنشین دەناسرێن لەبارترین بەستێنیان بۆ لادانە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و زۆرترین تاوانە کۆمەڵایەتییەکان لەو شوێنانەوە سەر هەڵدەدەن**

### چوونەسەری ڕێژەی پیشە درۆیینەکان:

کۆڵبەری، هاوارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی موشتەری و کڕیار، بڵاوکردنەوەی تراکت و ڕێکلامی کۆمپانیاکان، شاردنەوەی پلاکی ماشینەکان لەو جادانەی کە هاتوچۆ تێیدا قەدەغەیە، گریان بۆ وەرگرتنی پارە لە ڕێوڕەسمە شینگێڕییەکان، شاهێدی دان بۆ دادگا، دوعانووسی، کوڕگەرمکەری شایی بۆ پێکەنینی خەڵک؛ ئەمانە تەنیا بەشێکی بچووکن لەو دەیان بەناو پیشە و کارگەلەی کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بەناوی «کار» بیانناسێنێت بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە هیچ کامیان کار نین و لە هەمان کاتیشدا بوونەتە سەرچاوەی داهات بۆ زۆرێک لەو خەڵکانەی کە لە ئێراندا بە کوڵەمەرگی دەژین. هۆکاری ئەنجامدانی ئەم کارانە لەڕاستیدا بۆ بێدەرەتانی و هەژاری خەڵک و نەبوونی هەلی کار دەگەڕێتەوە کە وا دەکات تاک ناچار بێت بۆ وەدەسخستنی پارەیەکی زۆر کەم یان ببێتە مایەی پێکەنین و گاڵتەپێکردن یان کۆمەڵێک مەترسی گیانی و ڕۆحی بۆخۆی دەستەبەر بکات. لەم نێوانەدا ئەوەیکە زۆرتر ڕۆحی مرۆڤ ئازار دەدات ناچاربوونی کۆڵبەران (کە تەنیا لە کوردستان و بەلوچستاندا بوونیان هەیە) بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاری سەخت و دژوار و لە هەمان کاتدا مەترسیدارە بۆ وەدەستخستنی پاروونانێک کە زۆرجاران دەبێتە مایەی گیان لەدەستدانیان یان کەمئەندام بوونی ئەوان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیکە لە وێنای گشتی ئێراندا بەرچاوە تێکهەڵچوونی مەئمورەکانی بەناو شارەدارییەکانی ڕێژیمە کە لەگەڵ دەسفرۆشەکاندا تووشی تێکهەڵچوون دەبن و وێڕای بێڕێزی کردن پێیان، دەبنە مایەی دەس بردنی ئەم کەسانە بۆ خۆکوژی!


### کەمیی خۆراک و بەدخۆراکی:

کەمیی خۆراک یان لە هەندێ ناوچەدا نەبوونی خۆراکی پێویست بۆ درێژەدان بە ژیان پرسێکە کە ئەگەرچی تایبەت بە ئێران نییە و لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوە بەڵام لە ئێراندا پشکی شێری بەرکەوتووە. دوایین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم پێوەندییەدا دەریان خستووە کە هەنووکە زیاتر لە ١١٪ی خەڵکی جیهان ناتوانن خواردنی کامڵ بۆ خۆیان دابین بکەن کە سەرەکیترین هۆکاری بریتییە لە هەژاری و دەکرێ بڵێین بەدخۆراکی (سوء تغذیە) یەکێکە لە ئاسەوارەکانی هەژاری کە دەتوانێ ببێتە هۆکارێک لەمەڕ ناتوانایی یان کەمتوانایی جەستەیی و زێهنی. ژێرکۆمەڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بیاڤەدا واتە ڕێکخراوی فائۆ، یونیسێف و دەزگای بێهداشتی جیهانی لە ڕاپۆرتێکی هاوبەشدا ڕایانگەیاندووە کە لە سەرانسەری جیهاندا ٨٢١ میلیۆن کەس لەگەڵ ئەم ئازارە دەژین و لە ئێرانیشدا حەشیمەتی خەڵکانی بەدخۆراک زیاتر لە ٤ میلیۆن کەسە! ئەگەرچی ئەم ئامارە بۆ مانگی جولای ساڵی ٢٠١٩ دەگەڕێتەوە بەڵام ئەگەر بارودۆخی ئێستەی ئێرانیش بخەینە پاڵ ئەم ئامارانە و ئاوڕێکی کورت لە وەزعی نان، گۆشت، هێلکە و باقی پێداویستییە ڕۆژانەکانی خەڵک بدەینەوە دەبینین کە چ کارەساتێکی ئینسانی لە ئێراندا خەریکە ڕوو دەدات. کارەساتێک کە تەمەن و نەتەوە و ئایینزا و ڕەگەز ناناسێت و هەر گیانلەبەرێک کە لەو جوغرافیایەدا بژی دەخاتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە.

**دوورەدیمەنی «ژیان» لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە بەرجەوەنێکی تاڵ کە تێیدا مانایەک بۆ «ژیان» نامێنێت و ئەوەیکە دەبێ و دەبیندرێ تەنیا تێپەڕینە بەسەر تەمەندا؛ ئەمە ئەو وێنا ڕاستەقینەیە کە ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران پێکی هێناوە**

بەگشتی و وەک کۆبەندێک بۆ ئەم باسە دەتوانین ئەوە بڵێین کە دوورەدیمەنی «ژیان» لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە بەرجەوەنێکی تاڵ کە تێیدا مانایەک بۆ «ژیان» نامێنێت و ئەوەیکە دەبێ و دەبیندرێ تەنیا تێپەڕینە بەسەر تەمەندا؛ ئەمە ئەو وێنا ڕاستەقینەیە کە ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران پێکی هێناوە.

# سۆنامی هەڵاوسان




**سۆران شەمسی**

هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئابووری لە ناوەندی سەرژمێری و کارناسی بەشی ئابووری، ئەوە پیشان دەدات کە لە ئێستادا ئێران لە نێو لیستەی چوار وڵات کە زۆرترین هەڵاوسانی ئابوورییان هەیە جێی گرتووە .

لە نوێترین هەڵسەنگاندنی سندوقی نێونەتەوەیی دراویشدا ، ڕێژەی هەڵاوسانی ئێران بە ڕێژەی سەدا ٣٤,٢ دیاری کراوە . بەو پێیە ئێران بە پلەیەک هاتنەخوار، لە ڕێژەی هەڵاوسراوی وڵاتاندا، دوای وێنێزوئێلا ، زیمبابۆوە و سوودان دەبێتە چوارمین وڵاتی جیهان کە هەڵاوسان تێیدا جێی گرتووە .

ناوەندی سەرژمێری لە کۆتاڕاپۆرتی وەرزانەی خۆیدا کە لە سەرەتای مانگی خەرماناندا بڵاوی کردەوە، وێنایەکی زۆر دیاری لە قەیرانی ئابووری ئێران پیشان داوە، ئەو زانیارییانە کە سێ مانگەی سەرەتای ساڵ لە خۆ دەگرێت، ئەو مژارەی ڕوون کردۆتەوە کە ئابووریی ئێران بۆ هەشت ساڵی یەک لەدوای یەک بە هەڵکشانی ئابوورییەکی نەرێنیدا تێپەر دەبێت و لە هەلومەرجێکی نەگونجاودایە و هەموو ڕۆژێک لە پانتایی ئابووری وڵات کەم دەبێتەوە .

کۆرۆنا و گۆشارە ئابوورییەکانی ئامریکا ، ئابووریی ئێرانی کە هەر پێشتریش لە حاڵێکی باشدا نەبوو و پەلەقاژەی مردنی هەبوو تا سەر ئاستی مردن هێناوە .

کەمبوونەوەی داهاتی گشتی دەوڵەت لە بەشی دراو و ئەرز و ڕیاڵدا بووەتە هۆکاری گەورەترین قەیرانی کەسری لە بووجەدا و لە مێژووی ئێراندا ڕێگاچارەی دەوڵەت بۆ زیندوومانەوە لە بارودۆخی ئێستادا ، بەتاڵکردنی سەرمایە حەقیقییەکان لە ڕێگای شێوەکاری بازاڕی داخراوی سەرمایە لە نێو ئێراندایە .

دوارۆژەکانی قەیرانی ئێستای ئابووریی ئێران، گۆڕانێکی گەورە لە پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵگادایە ؛ ئیتر بۆ هەموو کەس ئاشکرا بووە کە قەیرانی ئابووری ئێستا لە ئێران، خراپترین قەیرانە بە درێژایی ٤١ ساڵ دەسەڵات و لەوەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتۆتە سەر دەسەڵات .

کەسری بودجەی دەوڵەت

گەلاوێژی ساڵی ڕابردوو، کاتێک کە جێگری ڕێکخراوی بەرنامە و بودجەی دەوڵەت ڕایگەیاند کە بە ڕێژەی ١٥٠ هەزار میلیارد تمەن کەسری لە دابینکردنی بودجەی دەوڵەت هەیە ، ئاسۆی قەیرانی ئابووری ساڵی ٩٩ وەدیار کەوت .

ئەو ژمارەی کە ئەو بەرپرسەی ڕێژیم ڕایگەیاندووە، بارودۆخی زۆر لەباری ئابووری لە ساڵی ڕابردوودا بوو بە هۆکاری ئەوەی ئێستاش تێچووی بودجەی ١٥٤ هەزار میلیاردی لە سەرانەیدا هەر مابوو . دیار بوو کە ئەو ڕێژە داهاتی سەرانەیە لە کاتێکدا کە وڵات لەگەڵ قەیرانی تەرازی تجاری نەرێنی ، هەڵاوسان و داشکانی ڕێژەی خواست بەرانبەر بووە ناگاتە هیچ ئامانجێک . ئەگەرچی تا ئێستا دەوڵەت بە شێوەی فەرمی ڕێژەی کەمیی بودجەی لە ساڵی ٩٨ دا ڕانەگەیاندووە بەڵام لە سەر بنەمای ڕێژەی داهاتە وەدەست هاتووی سەرانەکان دەتوانین بڵێین کە ژمارەی کۆتایی کەسری لە بودجەدا نزیکەی ١٨٠ هەزار میلیارد تمەنە . ئەوە بەو مانایەیە کە بودجەی گشتی ٣٨٦ هەزار میلیارد تمەنی دەوڵەت لە ساڵی ٩٨ دا تەنیا ٢٠٠ هەزار میلیاردی داهاتی بە خۆیەوە بینیوە و لە سەدا ٤٣ی لە بودجەدا کەمیی هەبووە . بەڵام لە ساڵی ٩٩ دا بەزمێکی سەیرتر لە ساڵی ٩٨ هەیە .

هەر لەم ڕۆژەی کە دەوڵەت لە سەرماوەزی ٩٨ دا تێچووی بودجەی نارده پارلمان ، زۆرینەی چاودێران هۆشداریان دا کە ئەو بودجەیە لە بەشی داهاتدا تووشی کەمیی داهات بە شێوەی بەربڵاو دەبێت . چاوەڕوان دەکرا کە لە ئەگەری ڕاوەستانی داهات بەم شێوەیەی ئێستا لە ساڵی ٩٨ دا، دەوڵەت تووشی کەمیی بودجە بە ڕێژەی ٢٤٨هەزار میلیارد تمەن دەبێت .

لە ئێستادا ڕوون بووەتەوە کە ئەم کەمیی بودجە بە ڕێژەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەگاتە ئاستی ٢٨٠هەزار میلیارد تمەن . مانای ئەو کەمیی بودجە ئەوەیە کە دەوڵەت هەر بۆ لە سەدا ٣٨ لە بەڵێنییەکانی خۆی لە ساڵی داهاتوودا دەسەڵاتی خەرجکردنی هەیە و نزیکەی لە سەتا ٦٢ لەم خەرجیانە دەبێت بە شێوەیەکی دیکە دابین بکرێ یان ئەوەیکە هیچ شتێک بۆ ئەم بەڵێنییانەی دەوڵەت دابین نەکرێت .

دەوڵەت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ داکشانی چاوەڕوانکراوی داهاتەکانی، لە بودجەی ئەم ساڵدا لە ڕیزی داهاتەکانی کە بە هۆی فرۆشتنی مڵک و ماڵی «منقول» و «غیرمنقول»ی دەوڵەت و یان هەستانی هەزار لە سەدی لە بەرامبەر بودجەی ساڵی ٩٨ گەیاندیە ژمارەی ٥١ هەزار میلیاد تمەن .

بەشێک لەو مڵکانە ئەو کۆمپانیاگەلەن کە لە بەشی جۆراوجۆردا لە وەرزی بەهار نێردرانە بورس .

تەنانەت لە هێندێک لەم سەنعەتانەدا کە هەتا ئێستا دەستیان بە کار نەکردووە و یان هێشتا هەر وەک قسە لەسەری دواون وەک پێترۆشیمی کازروون درانە بورس و لە هەنگاوێکی سەیردا بایەخی سەوداکردنیان بۆ دابین کرد .

لە سێ ساڵی ڕابردوودا کە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی کە هەردەم کێشەی لە کەمیی بودجەدا هەبووە ، بەشێوەی گشتی دوو ڕێگا بۆ ئەم باسە کاری لەسەر کراوە .

ڕێگای یەکەم چاکسازی لە بەشی خەرجی و پێداچوونەوەی درێژخایەنی بودجە بوو . بۆ نموونە لە پووشپەڕی ساڵی ڕابردوودا بودجەیان هەتا ئاستی ٦٨ میلیارد تمەن چووکە کردەوە و بەم بچووککردنەوەش هەر لە کۆتایی ساڵدا دیسان لەگەڵ کەمیی بودجەی ١٨٠هەزار میلیارد تمەنی ڕووبەڕوو بوونەوە.

ڕێکاری دووهەم بەکارهێنانی پاشەکەوتی سندوقی گەشەی نیشتمانی و قەرزکردن بووە . بۆ نموونە ئەنجومەنی بەرزی ڕێکخستنی ئابووری لە هاوینی ساڵی ڕابردوودا پەسەندی کرد کە دەوڵەت نزیکەی ١٠٠هەزار میلیارد تمەن داهاتی ماوە لە ڕێگای هەڵگرتن لە سندوقی گەشەی نیشتمانی ، ڕەقەمی پاشکەوتەی دراو ، بڵاوکردنەوەی ئەوراقی قەرز و فرۆشتنی مڵکەکانی خزانە نێو بودجەکە .

هێشتا هیچ ڕاپۆرتێک لەسەر دەرئەنجامی ئەو بڕیارە بڵاو نەبووەتەوە ، دەوڵەت توانیویەتی ١٠٠هەزار میلیارد تمەن لە ١٨٠هەزار میلیارد تمەنە کەمییەکەی بودجە بەم شێوە دابین بکات .

هەژارەکان ، هەژار و برسیتر و چینی مامناوەندیش هەژار دەبن . بەڵام دەوڵەت لە ساڵی داهاتوودا چۆن دەیهەوێت لەگەڵ کەمیی بودجەکەی کە زۆرتر لە ساڵی ڕابردووە بەرەوڕوو دەبێتەوە .

دەوڵەت لە ڕێگای گیرفانی خەڵک و لە ڕێی ڕاکێشانی خەڵک بۆ نێو بازاڕی دراو و بوورس لە چوار مانگی سەرەتای ساڵدا توانی ٩٠هەزار میلیارد تمەن لە کەمیی بودجەکەی بەم شێوەیە بشارێتەوە . هەڵبەت ئەگەر ڕێڕەوی چوونە دەری سەرمایە لە بوورس لەبەر چاو نەگرین لە حەوتووەکانی ڕابردوودا کە شاخسی گشتی بوورس کە لە مانگی گەلاوێژدا هەڵکشانی دوو هەزار واحیدی شکاندبوو لە نیوەی خەرماناندا لەگەڵ داشکانی ٥٠٠ هەزار واحیدی ڕووبەڕوو بوو .

بارودۆخی ئێستای بەشی مامناوەندی ، پەلەقاژەیە بۆ ڕۆنەچوون و نەخنکان ، بەشی بێبەش ، کرێکار و کارمەندەکان لە بەشی ئیشکردن لە جێگایەک کە کاری بەرپرسیارەتی ناکەن بە شێوەیەک خراپتریشە .

بە لەبەر چاوگرتنی هەڵکشانی تێچووەکان لە بەشی خانوبەرە ، گواستنەوە و خۆراک لە تەنیشت نەبوونی بەشی پاراستن لە پاشەکەوت، بارودۆخی ئێستای ئەو بەشە لە کۆمەڵگا زۆر قەیراناوییە . تێچوو یان نرخی بەخێوکردنی بنەماڵەیەک گەیشتۆتە حەوت میلیۆن و پێنسەد هەزار تمەن . ئەوە لە حاڵێکدایە کە داهاتی گشتی بنەماڵەیەکی مامناوەندی دەگاتە سێ میلیۆن تمەن و ئەوە دەسپێکی قەیرانێکە بە ناوی «حەقدەستی برسێتی» کە لە بەشی بێبەشانی کۆمەڵگادا نکۆڵی لێناکرێت . «حەقدەستی برسێتی» بە بارودۆخێک دەگوترێت کە کۆی گشتی داهاتی تاکێک تەنانەت بەشی کڕینی خۆراکیشی ناکات . لە حاڵێکدا ئاستی نرخی هەڵاوسانی جیهانی تەنیا لە سەتا ٣ یە ، بەپێی سندوقی نێودەوڵەتی دراو ، نرخی هەڵاوسان لە ئێران لە ساڵی ٢٠٢١دا دەگاتە لە سەتا ٣٣,٥ .

ئاکامی قەیرانی ئێستا لە ئابووریی ئێران ، بەرەو دوا چوونێکی خێرا لە ئاسنسۆری نهۆمەکانە . بەشەکانی جیاوازی کۆمەڵگا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی نەرێنی لە توانای ئابوورییەکەیاندا ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە بێ گومان و بە دڵنیاییەوە کاردانەوەی لەپڕی دەبێت بۆ سەر کۆمەڵگا و سیاسەتی ئێران.

# «ژیان» لە مانا بەتاڵ دەبێتەوە



**جقل**

لەم ڕۆژانەدا کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ گرفتێکی ئاشنا و هەمیشەیی بەڵام سەختتر و دژوارتر لە ڕابردوو بەرەوڕووە؛ بەچەشنێک کە سیمای شارەکان بە تەواوی گۆڕاوە و خەم و نیگەرانی لە دواڕۆژێکی لێڵ بە ڕواڵەتی تاکەکانی سەر شەقام و کۆڵانەوە دیارە. هاوکات لەگەڵ بێکاری بێسنوور لە کوردستان، گرانییش بووەتە دەردی سەر دەردان و دەستی خەڵکی لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانیان کووڵ کردووەتەوە. بە گرانبوونی زیاتری شتومەک و پێداویستییە ڕۆژانەکانی خەڵک ئێمە شاهێدی دوو ڕووداو دەبین: لەلایەکەوە بنەماڵەکان ناچار دەبن هەندێ لە پێداویستییەکانیان وەلابنێن و حەزفیان بکەن و دووهەم کوالێتی کاڵا مەسرەفییەکان دابەزینی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ و بنەماڵەکان ناچار دەبن کەڵک لە کاڵای مەسرەفی بێ‌کوالێتی یان کەمکوالێتی وەربگرن. ئەوەیکە خەڵک ناتوانێ حەزفی بکات بریتییە لەو بەشە لە پێداویستییەکان کە بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستن و ئەگەر نەبن ژیان کۆتایی پێ دێت؛ کەواتە خەڵک ڕوو لە کاڵای کەمکوالێتی دەکات. لابردنی بەردەوامی بەشێک لە پێداویستییەکانی ڕۆژانە و کەڵکوەرگرتن لە کاڵای کەمکوالێتی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیان لە ئاستی گشتی خۆیدا دادەنێت و کوالێتی ژیانیش دێتە خوارێ. بەهاتنەخواری کوالێتی ژیان، هیوا بە داهاتوو بەرەبەرە لەنێو دەچێ و «ژیان» لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە و خەڵکانێکی زیاتر ڕوو لە لادانە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و گرێچنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا زیاتر هەڵدەوەشێتەوە. ئەوەیکە لە قۆناغی دووهەمدا و پاش کەمبوونەوەی پێداویستییەکانی ژیان دێتە ئاراوە بریتی دەبێ لە نەمانی ئاسایش و ئەمنیەت، بێ‌واتابوونی ئەخلاق و ڕەوشت، نەمانی هەستی کامەرانی و بەختیاری گشتی، نەمانی ڕەوایی، بێبایەخبوونی نۆڕمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ...

لەم نێوانەدا ئەوەیکە زۆرتر مرۆڤ ئازار دەدات یان باشترە بڵێین ئەو چینەی کە زیاترین خەساری وەبەر دەکەوێ لەڕاستیدا چینە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگان کە وێڕای هەموو کەندوکۆسپەکانی ژیانیان لەگەڵ کۆمەڵێک گرفتی دیکەش بەرەوڕوون؛ لەوانەش بوونی نەخۆشی درێژخایەن لە ماڵدا کە چەندقات زیاتر ژیانیان لێ تاڵ دەکات. ئەمەش بەو هۆیەوە کە توانایی دابینکردنی دەرمان بۆ نەخۆشەکانیان نامێنێ و لە پێش چاویاندا دەبێ شاهێدی زەجرکێشان و هێدی هێدی توانەوە و لەنێوچوونی ئازیزانیان بن.

یەکێک لەو نەخۆشییە درێژخایەنانە کە هەنووکە لە ئێراندا بە فراوانی دەبینرێت و وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردن لەم وڵاتە بەئەژمار دێت بریتییە لە نەخۆشی دیابێت یان نەخۆشینی قەند. بەپێی دوایین ئاماری فەرمی ڕێژیم هەنووکە لە ئێراندا ١١٪ی حەشیمەتی سەروو ٢٥ ساڵ تووشی جۆرەکانی نەخۆشی دیابێتن؛ ئەمە جیا لەو بەشەی کۆمەڵگایە کە بۆ خۆشیان ئاگاداری نەخۆشییەکەیان نین بەڵام هەڵگری ئەم نەخۆشییەن. هەر لەم پێوەندییەدا و بۆ ئەوەیکە گرینگی ئەم باسە زیاتر شی بکەینەوە ئاماژە بە هەواڵێک دەکرێ کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنییەوە کە ئەویش هەواڵی نەبوون و کەمبوونی «ئەنسۆلین» لە بازاڕەکان بوو. لەمبارەوە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەر سەرۆکی دەزگای خۆراک و دەرمانی کۆماری ئیسلامی، «محەممەدڕەزا شانەساز» وتی: «بەهۆی کێشە ئابوورییەکانمان لەپێوەندی لەگەڵ دابینکردنی ئەرز لە دەورانی تەحریمدا نەمانتوانیوە وەک پێویست ئەنسۆلین لە دەرمانخانەکاندا دابین بکەین!» ئەم هەواڵە و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕوونکردنەوە لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەزگای زانیارییەکانی ئەرتەشی عێراق ڕایگەیاند کە لە چالاکییەکیاندا دەستیان بەسەر ١٩ کامیۆن دەرمانی قاچاخدا لە پارێزگای دیالەدا گرتووە کە لە ئێرانەوە بەرەو عێراق ڕەوانە کرابوو؛ بەوتەی ئەرتەشی عێراق ئەم بارە دەرمانە، سەدان هەزار جۆر دەرمانی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە کە نرخەکەی سەدان هەزار دۆلارە. ئەگەرچی دواتر لایەنە پێوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاند کە ئەم بارە هی ئێران نەبووە بەڵام دوایین بەڵگەنامەکان دەریانخستووە کە قاچاخی دەرمان هاوشێوەی هەموو قاچاخەکانی تر لەم وڵاتە بەشێوەی بەرنامەبۆداڕێژراو و لەلایەن هەندێ ئۆرگانی ڕەسمی حکوومەتییەوە بووە. لێرەدایە کە دەبینین و بۆمان زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی بەلای کۆماری ئیسلامییەوە گرینگ نییە و بایەخی پێنادرێ گیان و ژیانی هاووڵاتییانی نیشتەجێ لە ئێرانە؛ بێبایەخبوونی ژیان تا ئەو ڕادەیە کە هیچ بەزەییەکیشیان بە نەخۆشە لەجێداکەوتووەکانیش نایەتەوە و زەجرکێشانیان چێژ بە سەرانی ڕێژیم دەبەخشێ.

# بانگەوازی ستراسبۆرگ،
# یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام!



ئیبراهیم لاجانی

چەند قسەیەکی پێویست:
مێژووی سزای ئێعدام بە ئەندازەی مێژووی خودی مرۆڤ کۆنە. هەر لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ ئاگری دۆزییەوە، ئەوەش فێر بوو کە چۆن هاوڕەگەزی نەیار و موخالیفی خۆی بسوتێنێ.
کاتێکیش کە لە گیاوگوڵ و خوری، گوریس و پەتکی دروستکرد، بۆ لە قەنارەدان و هەڵواسینی هاوچەشنی خۆی بە کاری هێنا.
ئەو کاتەش کە ئاسنی دۆزییەوە، هەوەڵین کاری ئەوە بوو کە بۆ هەڵبڕینی گەرووی هاونەوعی خۆی تیغ و چەقۆی لێ درووست بکا.
سەرەنجام لە سەردەمی باروودتدا، مرۆڤ فێر بوو کە بە ڕیز داری ئێعدام بچەقێنێ، بۆ ئەوەی سینگی ئەو کەسانە کە بە ئێعدام مەحکووم کراون لە دارەکان شەتەکدراون، بداتە بەر دەسڕێژی گوللە.
مێژووی مرۆڤ لە ڕەوتی چوونە پێشی خۆیدا گەیشتۆتە جێگایەک کە ئێستا خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامە. چۆن داخوازی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەتی و هەڵوەشاندنەوەی ئاپارتاید بە ئاکام گەیشت و ئێستا دەبینین هەم کۆیلەتی و هەم ئاپارتاید بە ڕەسمی هەڵوەشاوە ڕاگەیەنراون و قەدەغەن، ئاواش هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام جێبەجێ دەبێ و سەردە گرێ.
ئینسان لە سەردەمی ئێستادا بەو پلەیە لە تێگەیشتن و شعور گەیشتووە کە لەوە حاڵی بێ مافی ژیان، یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە و بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ئەو مافەش جگە لە هەڵوەشانەوەی هەر شتێک کە ئەو مافە بخاتە ژێر پێ و مەترسییەوە، ڕێگایەکی دیکە لە گۆڕێدا نییە.
ئەگەر لە چەرخی ڕابردوودا بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ڕاگەیەندرا، پێویستە لەم چەرخەدا ئەو مافانە بەگشتی و مافی ژیان بەتایبەتی بۆ هەموو ئینسانەکان لە ئاستی جیهانیدا سەرلەنوێ پەسند بکرێنەوە. بەواتایەکی دیکە، پاش پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە سەدەی ڕابردوودا، زۆربەی وڵاتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێستا لەگەڵ بزووتنەوەی هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام کەوتوون، ئەوە بە سەرکەوتنی عەداڵەت بەسەر تۆڵەدا لەقەڵەم دەدرێ.
لە درێژەی چوونەپێش و گەشەکردنی بزووتنەوەی هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدامدا، ئێستا یەکێک لە پێشمەرجەکانی چوونە نێو یەکیەتی ئورووپا، بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام.
لەسەر ئەو بناخەیە، یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام لە ڕێکەوتی ٢١ی ژوئەنی ساڵی ٢٠٠١، لە شاری ستراسبۆرگی فەرانسەدا پێکهات.
لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لایەنگر و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ، ژمارەیەکی زۆر لە مافناسان، نوسەران و کۆمەڵناسان و کەسوکاری قوربانیانی ئێعدام لە سەرانسەری جیهانەوە، بە مەبەستی باس و لیکۆڵینەوە سەبارەت بە سزای ئێعدام، لە دەوری یەک کۆبوونەوە.
بەرهەمی کاری یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام، بریتییە لە پەسندکرانی بڕیارنامەیەک کە بە بانگەوازی ستراسبۆرگ ناوی دەرکردووە. پەسندکرانی بانگەوازی ستراسبۆرگ بە هەنگاوێکی گرینگ بۆ گێڕانەوە و دابین و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ هەر بۆیە بە پێویستم زانی تێکستی بانگەوازەکە بکەمە کوردی.

### بانگەوازی ستراسبۆرگ
### یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام!

ئێمە ئەو کەسانەی لە دژی سزای ئێعدامین، بە بۆنەی یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی دژ بەسزای ئێعدام، کە لە ڕۆژەکانی ٢١ تا ٢٣ ی ژوئەنی ساڵی ٢٠٠١دا، لە لایەن، ڕێکخراوی پێکەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئێعدام، لە شاری ستراسبۆرگ پێکهات، لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە تا ڕابگەیەنین کە:
سزای ئێعدام هەمیشە بە مانای زاڵبوونی تۆڵە بەسەر عەداڵەتدایە و سەرەتاییترین مافی مرۆڤ کە مافی ژیانە دەخاتە ژێر پێ و بەر پەلامار.
هیچ کاتێک ئێعدام نەیتوانیوە پێش بە ڕوودانی تاوان بگرێ. سزای ئێعدام هەمیشە وەک ئەشکەنجە، کردەوەیەکی لە ڕادەبەدەر دڕندانە و ڕەفتارێکی نائینسانی چاوی لێکراوە.
کۆمەڵگایەک کە ئێعدامی تێدا بەڕێوە دەچێ، بە نموونەی کۆمەڵگایەک دادەنرێ کە برەو بە توندوتیژی دەدا. هەر کۆمەڵگایەک کە ڕێز بۆ کەرامەت و پلەوپایەی مرۆڤەکان و خەڵک دابنێ، تێدەکۆشێ کە سزای ئێعدام هەڵوەشاوە ڕابگەیەنێ.
ئێمە بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە سەرۆکەکانی ئەنجومەنەکانی یاسادانان لە ئورووپادا، لە ڕۆژی ٢٢ی ژوئەنی ٢٠٠١دا، بە ڕەسمی و لە ئاستی جیهانیدا ڕایانگەیاند کە بەڕێوەبردنی ئێعدام ڕادەگرن. ئەوەش بە بڕیارێکی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوەشانەوەی جیهانی سزای ئێعدامدا، دەژمێردرێ.
ئێمە خوازیاری ئەوەین کە سزای ئێعدام لە ئاستی جیهانیدا هەڵوەشێتەوە.
بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو خەڵکی دنیا، حکومەتەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانمان دەوێ کە :

١. دەوڵەتەکان یاسا و قانوونی پێویست سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام پەسند بکەن و هەموو پەیماننامە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانی پێوەندیدار بە هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام ئیمزا بکەن.
٢. ئەو وڵاتانەی ئێعدام بەڕێوە دەبەن، بەجێیە، ئەو سزایە لە یاساکانی خۆیاندا وەلا بنێن.
٣. ئەو وڵاتانەی حوکمی ئێعدام لەسەر کەسانێک بەڕێوە دەبەن کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانانداا، لە خوار تەمەنی قانوونییەوە بوون، دەبێ لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدا لە قەڵەم بدرێن کە بە شێوەیەکی زەق و ئاشکرا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن.
٤. کەسانێک کە گیرۆدەی نەخۆشییە ڕەوانییەکانن، نابێ سزای مەرگیان بەسەردا بسەپێ و حوکمی ئێعدامیان لەسەر بەڕێوەبچێ.
٥. ئەو وڵاتانەی سزای ئێعدامیان قەدەغە کردووە، یان ئەو سزایە بەڕێوە نابەن، دەبێ لە دانەوەی تاوانباران بەو وڵاتانەی کە سزای مەرگ و ئێعدام بەڕێوە دەبەن، خۆ ببوێرن. تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتانە ئەوەش دەستەبەر بکەن کە تاوانبار ئێعدام ناکرێ.
٦. هەموو دەوڵەتەکان لە سەریانە بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک، زانیاری سەبارەت بەو کەسانەی بە سزای مەرگ واتە ئێعدام مەحکووم کراون، هەلومەرجی ڕاگرتنیان لە زیندانداا و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئێعدام لە سەریان، زانیاری بڵاو بکەنەوە.

ئێمە پشتیوانی خۆمان لە شورای ئورووپا بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاگەیشتن بە وەزعی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژاپۆن کە دەیانهەوێ سزای ئێعدام بەڕێوەبەرن و لە هەمان کاتیشدا وەک چاودێر لە شورای ئورووپادا هەبن، دەردەبڕین.
ئێمە بە توندی داوا لە شورای ئورووپا و یەکیەتیی ئورووپا دەکەین کە لە دەوڵەتەکانی تورکیە، ڕوسیە و ئەرمەنستانیان بوێ کە بۆ هەمیشە سزای ئێعدام، لە پێوەندی لەگەڵ هەرچەشنە تاوانێکدا هەڵوەشێننەوە و ڕەزامەندی خۆشیان بۆ کەمکردنەوەی حوکمی مەرگ نیشان بدەن.
داوا لە یەکیەتیی ئوروپا دەکەین کە تا وەدیهاتن و جێبەجێ بوونی هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام، لە چوارچێوەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی خۆیدا بۆ ئەو مەبەستە کار بکات و لەو ڕێگایەدا، دەست لە تێکۆشان هەڵنەگرێ.
لەبەر ڕووناکایی ئەو پێشنیارانەی کە لە سەرەوەدا باسیان لێکرا، ئێمە داواکاری تایبەتیمان لە یەک بە یەکی وڵاتانی دونیا لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانی کردن لە هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامدا هەیە.
بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین ئەنجومەنێک پێک بێنین کە ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ دیاریکردنی ڕۆژێک وەک ڕۆژی جیهانی هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام لە گۆڕێدان، هاوئاهەنگ بکا.
داوا لە قازییەکان و پزیشکەکان دەکەین ئەوە پەسند بکەن کە بایەخی پیشەی ئەوان لەگەڵ سزای ئێعدام ناتەبایی هەیە. لەوەش زیاتر لە هەر جێگایەک و وڵاتێکدا کە هەن، بە توندی بە دژی سزای مەرگ و ئێعدام ڕاوەستن و دژایەتی بکەن.
ئێمە دەچینە ڕیزی ڕێکخراوەکانی وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و باقی ئەو ڕێکخراوانەی دیکە کە ئیمزایان بۆ هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام کۆکردۆتەوە.
داواش لە هەموو لایەنگرانی هەڵوەشانەوە و قەدەغەبوونی سزای ئێعدام دەکەین کە لەگەڵ ئەم بانگەوازە کەون.

# پێکڤەبوون و یەکیەتی یان لێکدابڕان و دوورکەوتنەوە؟

ڕابوون

کوردستانی ڕۆژهەڵات هەموو کات وەکوو دیارترین هەرێمی سیاسییەکان و بەتایبەت دژبەرانی دەسەڵاتی ناوەندی جووڵاوەتەوە و پێناسەی بۆ کراوە. ئەوەیکە کوردستان لە ناخی خۆیدا چ دوڕ و گەوهەرێکی بار هێناوە و پیشانی ڕای گشتی داوە پرسێکی ترە و جێگەی باسی ئێمە نییە؛ بەڵام ئامانجی ئێمە لەم نووسینە بریتییە لە شەنوکەوکردنی ئەو ڕاستییەی کە حیزبەکانی کوردستان چ ڕێکار و مێتۆد و هەڵوێستێکی سیاسییان لە خۆیان نواندووە کە لە سەرانسەری ئێراندا سەرنجڕاکێش بوون و سەرنجیان دەدرێتێ؟
ئەوەی ڕوونە لە سەرانسەری ئێراندا و لە ئێستەدا هیچ هێزێکی سیاسیی ئێرانی بوونی نییە کە بەقەدەر حیزبەکانی کوردستان ئامادەیی و تەیاربوونی زەینی و تەشکیلاتییان هەبێ. بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران زیاتر لایەنێکی خۆڕسک و خۆبەڕێوەبەریی و سەربەخۆ یان باشترە بڵێین پەرتەوازە و هەرکەس بە هەر کەسیان هەبووە کە نەیانتوانیوە لە ناخی خۆیاندا ڕێبەرییەکی سیاسی دیاریکراو ساز بکەن کە بتوانێ نوێنەرایەتی ڕاستەقینەیان بکات. ڕەوتە فەرمییە سیاسییەکانیش لە چوارچێوەی هەوڵە بێئاکامەکانی خۆبەزلزانیدا پێناسەیان بۆ کراوە و بەکردەوە ڕۆڵی بەرگریکارانەیان لە دەسەڵات گێڕاوە و لەڕاستیدا توانایەک زیاتر لەمەشیان تێدا بەدی ناکرێ. هەنووکە گریمانەیەک لەئارادایە کە گوشاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان کە سەرچاوەگرتوو لەم قەیرانەن، وزە و تواناکانی کۆمەڵگا بەتاڵ بکەنەوە و دژکردەوەی هاوشێوەی جووڵە ئێعترازییەکانی ساڵی ڕابردوو، کەمتر بێتە دی. بەهەرحاڵ هەروەک باس کرا، ڕەوتە سیاسییە فەرمی و دانپێدانراوەکان، ناتوانن و خاوەنی ئەو پۆتانسییەلە نین کە جێگەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئێعترازییەکان بگرنەوە کە ئەم مەسەلە لە ناخی خۆیدا ئەو ڕاستییەمان پیشان دەدات کە دابڕان و پێکەوەبوون لە ناخی ئەواندا نایەتە دی.
ئەم ڕەوتە بەڵام لە کوردستاندا بەپێچەوانەیە و جیاوازی هەیە. لە کوردستاندا سەرباری بوونی جۆراوجۆری لە تێڕوانین، ڕەوتە سیاسییەکان نەیانتوانیوە هەموو گەلی وەک هێزێکی سیاسی بهێننە ڕۆژڤەوە. گرێچنی سیاسیی کورد هاوشێوەی هەموو دنیا، پێکهاتووە لە هێزی خەڵک کە لە ناخیشیدا هەندێ دژبەیەکی و پارادۆکسیش دەبیندرێ. لە جیابوونەوە و لێکدابڕانەکان بەملاوە، ئەم توخمە بەرەبەرە بەرەو کەمکردنەوەی دژایەتییە دەروونییەکانی خۆی هەنگاوی هەڵگرتووە و لە ئێستەدا ئیتر ململانێ و کێشمەکێشە خوێناوییەکانی دەیەی شەست و حەفتای هەتاوی نابیندرێت. سازان و پێکەوەهەڵکردن دواجار چەشنێک لە ڕێککەوتنی نەنووسراو و هەندێک جار نووسراویشی لێ کەوتۆتەوە کە بووەتە هۆی ئەوەیکە سیستمی سیاسی، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا هێزی نوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کیس بدات.
قەیرانی کۆرۆنا پرسی ساخڵەمەنی و سلامەتی گشتیی خستووەتە سەرەتی هاوکێشەکانەوە. بۆ کەمکردنەوەی تێچووی ئەم قەیرانەش، پێویستە مەسەلەی سلامەت زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە گومانی ئەمنیەتی و سیاسی بەتاڵ بکرێتەوە. لە تەنیشت ئەم پرسەشدا، بەردەوامیی تەحریمەکانی ئامریکا و کەمبوونەوەی نرخی نەوت و کەمیی بودجە، پێکەوە بوونەتە فاکتەرگەلێک کە باس لە لاوازی و شکستی دەسەڵات لە ئاستی هەرەسەرەوەدا دەکەن. بەداخەوە زاڵبوونی بێهۆکاری بکەرە ئەمنیەتییەکان لە هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبەریی وڵات، بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەیکە ئەم باس و خواستانە تەنیا لە قاڵبی قسەدا بمێننەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، بەربڵاوبوونەوەی بەردەوامی هەژاری و نەبوونی ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، وا دەخوازێ کە گرووپە سیاسییەکان بە پێداگری زیاتر لەسەر هەڵوێستە ڕەخنەگرانەکان، هەرچەند کەم بەڵام خۆ بە دوور بگرن لە داخوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئێران و لە هەمان کاتیشدا بە ڕێکخستنی زیادتر و دارشتنی پلان و بەرنامەی تۆکمە وەک ئالتێرناتیڤ، خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو ئامادە بکەن. لەڕاستیدا حیزبەکانی کوردستان دەبێ بە پشتبەستن بە هێزی نەتەوەکەیان و ڕێکخستن و هەڵسەنگاندنی درووست بۆ بارودۆخی هەنووکەیی باشترین بڕیار بۆ داهاتووی کوردستان دەربکەن تاکوو زەرەرمەند لە داهاتوودا خاک و خەڵکی کوردستان نەبێ.

# ژن و شۆڕش، ڕابردوو، ئێستە و داهاتوو



**ئازاد کوردستانی**

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هاوشێوەی هەموو گەلێکی ستەملێکراوی تر کە ئاگاهانە وەدوای وەدەستخستنی مافە زەوتکراوەکانیان دەکەون پڕاوپڕە لە هەوراز و نشێو کە هەندێ جار تراژێدیای لێکەوتۆتەوە و هەندێ جاریش لووتکەی سەرکەوتنەکانی بڕیوە.
لەم نێوانەدا خەبات و شۆڕش و ئامادەبوون بۆ دانی نرخ و قوربانیدان و گیانبازی زۆر جاران بەناوی پیاوانەوە تۆمار کراوە و کەم وا هەبووە کە ژنانی نێو سەنگەر جا چ لە شار بن یان لە شاخ، چ چەکدار بووبێتن یان بێ چەک ببیندرێن و ئازایەتییەکانیان بخرێتە بەرباس.
ئەوەیکە لێرەدا مەبەستی ئێمەیە نەک هەڵدانەوەی هۆکارەکانی ئەم پرسە بەڵکوو زیاتر وەبیرهێنانەوەی ڕاستییەکانە کە دەبێ ژنان شانازی پێوە بکەن و ئەزموونەکانی ڕابردوو بکەنە هەوێنی سەرکەوتنەکانی دوارۆژ و مایەی دارشتنی پلانی تۆکمە بۆ داهاتوو.
ئەوەیکە ڕوونە لە مێژوو و دیرۆکی ئێمەی کورددا کەم نین و کەم نەبوون ئەو ژن و کچانەی کە بە باوەڕبەخۆبوون و ئیرادەی پۆڵایینەوە خۆیان لە مەتەرێزی داکۆکیکردن لە شەرافەت و کەرامەتی نەتەوەکەیاندا بینیوەتەوە و نرخیان بۆ داوە؛ کەم نەبوون ئەو شێرەکچ و شێرەژنانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەست بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیان بوون و بوونەتە کاراکتەرێکی کاریگەر لەسەر شۆڕشی کورد. جا ئەم کاریگەرییە چ لە ڕووی مەعریفی و هزرییەوە بووبێ کە توانیویانە نەسلێکی ئازادیخواز بار بهێنن و منداڵ و وەچەکانی دوای خۆیان بە بیری ئازادەوە ڕابهێنن تاکوو شۆڕش تووشی نسکۆ نەبێت، یان لەڕووی ڕەقئامێری و بەشێوەی مەیدانی بووبێ کە خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداری کۆڕی گەرمی خەبات بووبێتن و بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری سیاسی، تەبلیغی، فێرکاری و پارتیزانی پشکێکی گرینگیان لە شۆڕشدا گێڕابێت.
لێرەدا پێویستە کورتەئاوڕێک لە مێژووی ئەم چالاکییانە بدەینەوە تاکوو بەرهەستتر ئاگاداری ئەم نەخش و دەورە گرینگە بین کە وەک باس کرا دەبێ ببێتە هەوێنی چالاکی بەرفراوانتر و وەرگرتنی ئەرکی زیاتر بۆ داهاتوو؛ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش دامەزرانی کۆماری کوردستان، ژنان تا ڕادەیەک دێنە گۆڕەپانی خەبات و بە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ژنان ڕاستەوخۆ دەبنە بەشێک لە خەباتگێڕانی گەلی کورد و ئەوەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ خەباتی نوێی ژنان بەڵام ئەم سەرەتا گرینگە لەگەڵ ڕوخانی کۆمار و گۆڕینی فازی خەبات لای حیزبی دێموکرات دەکەوێتە پەراوێزەوە و لە کزی دەدا.
دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا و ئاشکرابوونەوەی دووبارەی خەباتی حیزبی دێموکرات جارێکی تر نەخشی ژنان لە شۆڕشدا بەرجەستە دەبێتەوە و بەشداری ژنان لە شۆڕش گیانێکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێ.
ژنان لە یەکەم چرکەساتەکانی دەستپێکی شەڕی سێ مانگەدا سەلماندیان کە دەتوانن شان بە شانی براکانیان لە ڕیزی پێشمەرگەکاندا خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن و ببوونە سیمبولی پێکەوە خەبات کردن.
لەگەڵ چڕبوونەوە و درێژبوونەوەی شۆڕش، ژنانیش قۆناخەکانی شەڕی جبهەیی، پارتیزانی و مەیدانی و شۆڕاییان تاقی کردەوە و لە هەموو ئەو قۆناخانەشدا زۆر سەربەرزانە و سەرکەوتووانە ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی خۆیان بەجێ گەیاند.
ژنانی پێشمەرگە وەک برا پێشمەرگەکان، لە پەل و دەستە و لک و هێزەکاندا سازماندەیی کران، زۆرێک لە ژنان کاری قورسی دیکەیان وێڕای ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆیان وەئەستۆ گرت، بەشێکیان زۆر بە سەخاوەتەوە تەمەنی لاوەتی خۆیان قوربانی بووکی سووری ئازادی کرد و بوونە چرای شەوچرای نێو شۆڕش کە ناویان بۆ هەمیشە لە مێژووی پڕ سەروەری خەباتی نەتەوایەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە.
ئەم ژنانە هەم لە نێو شۆڕشدا وەک پێشمەرگە بوونی خۆیان سەلماند و هەمیش لە نێو شارەکاندا بە کاری نهێنی و تەشکیلاتی یارمەتیدەری هێزەکانی پێشمەرگە بوون و تەنانەت ڕۆڵەکانیان کردە قۆچی قوربانی و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان کرد تا کەرامەت و شەرافەتی گەل و خاکەکەیان خەوشدار نەبێ. کەم نەبوون ئەو ژن و کچە ئازا و دلێرانەی کە لەم پانتاییەدا گیران، ئەشکەنجە کران و تەنانەت شەهید بوون بەڵام ڕەوتی خەبات بەردەوام بوو بۆ ئەوەیکە خەونەکان بۆ ئازادی نەڕژاکێن.
لە کاتی خەباتی چەکداری و ڕۆژە سەختەکاندا ژنان و کچانی پێشمەرگە، لە شەڕەکاندا زۆر بوێرانە هەڵیان دەکوتایە سەر هێزی ڕەش و ئەهریمەنی سوپای پاسداران و بە چریکە و هاواری بەرزیان و بە بژی حیزبی دێموکرات، زەندەقیان دەخستە دڵ و جەستەی لەرزۆکی جاش و بەسیج و پاسدار و هێرشکەران، کەمیش نین ئەو ژن و کچانەی کە لە کاتی هێرش و حەماسەدا سینگ و دڵی پڕ لە هیوایان بە گوللەی دوژمن پێکراوە و بە خوێنی ئاڵیان پرچ و سینگیان سوور بووە و بە کۆڵی هاوڕێی پێشمەرگەوە، دەگەیەندرایە پشتی شەڕگە و لە نێو ئاخ و حەسرەت و ناڵەی دەستە خوشکەکانی پێشمەرگە و کوڕەکاندا بە خاکی نیشتمان دەسپێردران.
لەم نێوانەدا نابێ ڕەوەزەکانی شۆڕش لە بیر بکرێن؛ ئەو دایک و ژنانەی کە بە هۆی مێردەکانیانەوە کە پێشمەرگە بوون، بە چەند منداڵی ورد و درشتەوە ڕێگای پڕ لە کەندولەندی پێشمەرگایەتیان هەڵبژارد و بوونە پاسەوانی پاراستنی گیانی بنەماڵە و سەروەری مێردی پێشمەرگەیان و بۆ خۆیان وەک مۆمێک بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان سووتان و بە کەمترین ئیمکاناتی ژیان جیا لە ئەرکی دایکایەتی، ئەرکی باوکایەتیشیان بۆ منداڵەکان لە سەر شان بووە، لە نەبوونی مێردەکانیاندا و لە کاتی تەنیاییدا هەموو ئەرکێکیان بە دڵ و بە گیان وەئەستۆ گرتووە و لە کاتی بۆمبارانی فرۆکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکان، جیا لەوە کە دەبوو منداڵەکانیان بپارێزن بەشێکیان زۆر بوێرانە لە سەنگەرەکاندا سەنگەریان دەگرت و دەبوونە هێزی بەرگری بۆ تێکشکاندنی هەر هێزێک کە بیهەوێ هێرش بکاتە سەر بنکە و بارەگا و ماڵەکانی پێشمەرگە.
زۆرێک لەو دایکانە لە چاوەڕوانی هاتنەوەی کوڕ و کچ و مێردی پێشمەرگەیاندا بە دڵەڕاوکەیەکی زۆرەوە بە دەم لایەلایە بۆ منداڵەکانیان شەو و ڕۆژیان کردۆتەوە و دواتریش هەرگیز چاویان بە خۆشەویستەکانیان یا مێردی شەهیدیان، کە لە شەڕی قارەمانانەدا گیانیان بە نیشتمان بەخشیوە نەکەوتۆتەوە و لە دوای شەهیدبوونی مێردەکانیان باری قورسی ژیان و پێشمەرگایەتیان بە عیزەتی نەفسی خۆیان تەحەموول کردووە و منداڵەکانیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گەورە کردووە و هەنووکەش لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا بە کەمترین ئیمکاناتی ژیانەوە، بەڵام بە سەربڵیندی و عیزەتەوە درێژە بە پێشمەرگایەتی خۆیان دەدەن.
ئەمە تەنیا ئەو بەشەیە کە بە ئاشکرا دژ بە زوڵمی داگیرکەران وەستانەوە؛ هەرچەند کەمی لەسەر وترا بەڵام ناکرێ لە دەرەتانێکی وەها دەوری ئەو ژنانەش لەبەرچاو نەگیرێ و نەیێتە بەرباس کە لە شار و گوندەکانی کوردستان بەرخودانیان کرد و وێڕای دژایەتی سیستمی زاڵ، لەگەڵ نەریتە دواکەوتووانەکاندا خەباتیان کرد و هەوڵی ڕۆشنگەری کۆمەڵانی خەڵکیان دا کە زۆر جار لەلایەن هاوڕەگەزەکانی خۆشیانەوە دەکەوتنە بەر لۆمە بەڵام دیسانیش کۆڵیان نەدا و خەبات بۆ ڕزگارییان کردە ڕێڕەوی ژیانیان و هەر ئەمەشیان فێری کچ و کوڕەکانیان کرد.
ئەم خەباتە دوورودرێژ و نەپساوەیە بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا و لە کوردستان زۆر بەرچاوتر بووە؛ ئەو کاتانەی کە ڕێژیم بەناحەق و وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، چاونەزێڕانە لە کوردستانی دەڕوانی و پەلاماری دەدا، ئەوە ژنان بوون کە نەخشی پێشەنگیان گێڕا و لە ڕیزی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەراندا خۆیان بینییەوە.
مانگرتن و ئێعترازەکانی سەر شەقام بەهۆی کوشتنی کۆڵبەران و داخستنی سنوورەکان، ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر و بەفرانباری ساڵی ڕابردوو، داخستنی شار و شارۆچکەکان لە کاتی جینایەتەکانی ٢١ی خەرمانان و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و ڕۆژی جل و ئاڵا و دەیان نموونەی تر هەموویان ئەو نموونە بەرچاوانەن کە دەرخەری بزووتنەوەیەکی ڕەوا بۆ وەرگرتنی مافە پێشێلکراوەکانن و وەک لە سەرەتادا باس کرا دەبێ ببنە هەوێنی چالاکییە هەمەڕەنگەکانی ژنان بۆ داهاتووی ئەم خەباتە.

**مانگرتن و ئێعترازەکانی سەر شەقام بەهۆی کوشتنی کۆڵبەران و داخستنی سنوورەکان، ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر و بەفرانباری ساڵی ڕابردوو، داخستنی شار و شارۆچکەکان لە کاتی جینایەتەکانی ٢١ی خەرمانان و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و ڕۆژی جل و ئاڵا و دەیان نموونەی تر هەموویان ئەو نموونە بەرچاوانەن کە دەرخەری بزووتنەوەیەکی ڕەوا بۆ وەرگرتنی مافە پێشێلکراوەکانن و وەک لە سەرەتادا باس کرا دەبێ ببنە هەوێنی چالاکییە هەمەڕەنگەکانی ژنان بۆ داهاتووی ئەم خەباتە**

---

**وێستگە**


## ژنان و شۆڕشی نوێ



**نووسین: هێمۆ**

مێژووی سەرهەڵدان و شۆڕش و بزاڤە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری جیهان نیشان دەدەن کە هیچ بزووتنەوەیەکی ڕەوا ناتوانێ بە ئەنجام و ئامانج بگات مەگەر ئەوەیکە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە ئاگاییەوە پەیوەست بەو شۆڕشە بن؛ واتە دەبێ هەموو چین و توێژەکان و لەو نێوانەشدا ژنان هەم خۆیان لە نێو شۆڕشەکاندا ببیننەوە و هەمیش شۆڕش بە هی خۆیان بزانن.
ڕەنگە لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر پێویست بێ کە ئاوڕێک لە ڕابردووی هاوچەرخی ئەم شۆڕشانە بدەینەوە. لە دەیەی ٨٠ی زایینی بەملاوە واتە پاش ڕووخانی دیواری بێرلین، جیهانی مۆدێڕن بەردەوام شاهێدی سەرهەڵدانی جۆربەجۆر لە وڵات و هەرێمە جۆراوجۆرەکانی جیهان بووە کە لە نێویاندا نەخش و ڕۆڵ و کاریگەری ژنان جار لەگەڵ جار زیاتر خۆیان زیاتر دەرخست؛ شۆڕشی ١٩٨٩ی چێکۆسلۆڤاکی، شۆڕشی ١٩٩٧ و ٢٠٠٠ی سێربێستان، شۆڕشی ٢٠٠٣ی گورجستان، شۆڕشی ٢٠٠٤ی ئۆکراین و چەندین سەرهەڵدان و بزاڤی جۆربەجۆری تر. لەم شۆڕشە نەرمانەدا کە هەندێ جار بە شۆڕشی مەخمەڵیش دەناسرێن، یەکێک لە سەرەکیترین توخم و پێکهێنەرەکان بریتی بوو لە ژنان کە بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و شۆڕشەکانی پێش لە خۆیان هەوڵیان دا کە ڕێڕەوی بزووتنەوەکان بەرەو ئاقاری درووستی خۆی ببەن و لەم نێوانەشدا سەرکەوتوو بوون. بۆ نموونە لە ڕەوتی شۆڕشی نارنجی ئۆکرایندا و لە تەنیشت «ڤیکتۆر یووشچێنکۆ»، «یولیا تیمۆشێنکۆ» دەبیندرێ کە ڕێبەریی ئەم شۆڕشەی گرتە دەست و توانی وێڕای بەدەستەوەگرتنی پێگەیەکی کاریگەر و گرینگ لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئۆکراین، ببێتە یەکێک لە دیارترین ئەکتەرەکانی یاریی سیاسەت و شۆڕش لە دنیای نوێدا.
لە ئێستەشدا کە هێشتا زوڵمی زاڵمانی سەردەم کۆتایی پێ نەهاتووە و بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لەو نێوانەشدا ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە بارودۆخێکدایە کە هەر ئانوساتێک ئەگەری ڕاپەڕین و شۆڕش تێیدا لە گۆڕێیە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە نەخشی ژنانی ئازادیخواز دەبێ چی بێت؟ ژنان چۆن دەتوانن شوێندانەری و کاریگەربوونی خۆیان بسەلمێنن و داهاتوویەکی نوێ بنیات بنێن؟ یان بەواتایەکی تر ئایا دەکرێ توانایی ژنان بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ملهۆڕییەکانی سەردەم وەلا بنرێ بەڵام چاوەڕێی سەرکەوتن بین؟
بۆ وەرگرتنی وڵامێکی درووست بەم پرسیارانە و گەیشتن بە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ دەبێ لە پێشدا خوێندنەوەیەکی ڕێئالیستییانەمان لە جیهانی هەنووکەیی هەبێ کە تێیدا دەژین؛ ئەگەر سەردەمانێک بە هۆکارگەلی جیاواز ژنان نەک هەر بە ڕەگەزی لاواز و دووهەم ناوزەد دەکران و لە دابەشکارییەکاندا تەنیا ڕۆڵی کابان و بەخێوکەری ماڵ و منداڵیان پێ دەسپێردرا، ئەوا لە بارودۆخی ئێستەی ژیان کە بە سەدەی مۆدێرنیتە دەناسرێ و پێناسە و جیهانبینییەکان گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە، سرووشتییە کە نەخش و دەوری ژنانیش کە زیاتر لە نیوەی کۆمەڵ پێک دەهێنن، دەگۆڕدرێ و ژنان چیدیکە ناتوانن و نابێ تەنیا وەک کابانی ماڵ سەیر بکرێن. کەواتە یەکەم هەنگاو بۆ پێشکەوتنی هەر شۆڕش و بزاڤێکی سیاسی – کۆمەڵایەتیش لەڕاستیدا گۆڕینی شێوەڕوانین و گۆشەنیگای کۆمەڵگایە بۆ ژنان و نەخش و شوێندانەرییەکەیان. جا پێش لە هەموو کەس ئەوە خودی ژنانن کە دەبێ ئەم پێناسەیە جێگیر بکەن و پاشان بیخزێننە نێو هەموو جمگەکانی کۆمەڵگادا. ئەمە لەڕاستیدا پێشمەرجی سەرکەوتنە هەم بۆ ژنان و هەمیش بۆ کۆی بزووتنەوەکان.
یەکێک لەو خاڵانەی کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لێی دەترسن پڕڕەنگ‌نیشاندانی نەخشی ژنان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە و لەم ڕاستایەشدا هەموو هەوڵیان ئەوە دەبێ کە لە عەرزی واقێعدا بیانسڕنەوە یان کاڵ و کەمڕەنگ پیشانیان بدەن کەواتە دووهەم هەنگاو بۆ گەیشتنی ژنان بە لووتکە بریتییە لە دەرخستنی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ژنان وەک کاراکتەرێکی بەهێز لە مەیدانی سیاسەت و شۆڕشدا. بەم پێیەش سەرەکیترین نەخشی ژنان بریتی دەبێ لە پیشاندانی هێز و توانایییەکان و لە هەمان کاتیشدا سەلماندنی ئەم تواناییە بە خەڵکانی تر. گرینگی و پێویستیی ئەم خاڵە لەوەدایە کە ڕێگە خۆش دەکات تاکوو خەڵکانی تر لە چین و توێژەکانی دیکە شێوەی ڕوانینیان بۆ ژنان بگۆڕن و وەک لەلایەن دەسەڵاتە ملهۆڕەکانەوە بۆیان پێناسە کراوە پێیان وانەبێ کە ژنان تەنیا ئامرازێکن بۆ دامرکاندنی هەستە جینسی و فیزیکییەکانی پیاوان.
ئەوەیکە تا ئێرە باس کرا گۆشەیەک بوو لەو کەتوارانەی کە کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی دەبێ بیزانن و بە درک کردن بەم ڕاستییانە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن؛ بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستەی ئێران و کوردستان کە دەورانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردووە و هەر کات ئەگەری سەرهەڵدانی جەماوەری لەئارادایە. ژنان لە ئێستەدا دەبێ بە وەرگرتنی وانە لە سەرهەڵدانە پرشوبڵاوەکانی ڕابردوو بۆ نموونە ڕاپەڕینە ئێعترازییەکانی ساڵی پار و ساڵانی ڕابردوو هەوڵ بدەن پێناسەیەکی نوێ لە خۆیان و نەخش و ئەرکیان بکەن و بە سەریەکخستنی هێز و پۆتانسیەل و تواناییەکانیان بەرەو پێشەوە بچن.

# کورد، کۆماری ئیسلامی، بەجیهانیبوون و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان



## ڕووش

لە ساڵانی ڕابردوودا و پاش بەرینتربوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەهۆی هاتنەئارا و لەدایکبوونی دەیان جۆر ڕایەڵەی پێوەندی نوێ و نەمانی سنووره دەسکردەکانی ڕابردوو کە بۆخۆی یەکێک لە دەرهاویشتەکانی پرۆسەی گلۆبالیزاسیۆن یان بەجیهانیبوونە، کوردیش وەک هەموو گەل و نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە دەستی بەم دونیا نوێیە ڕاگەیشت؛ دنیایەک کە بەلایەوە زۆر نامۆ بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەرنجڕاکێش بوو. لەم نێوانەدا پرسیارێکی جەوهەری کە هەر لە سەرەتاوە هاتە گۆڕێ و جار لەگەڵ جار گرینگییەکەی زیاتر خۆی دەرخست ئەوە بوو کە کورد چۆن دەتوانێ لەم جیهانە نوێیە بڕوانێ؟ و چۆن دەتوانێ لە ڕاستای گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی خۆی کەڵکی لێوەربگرێ؟ بەرەبەرە بە ئاشنابوونی زیاتری کوردیش، هاوشێوەی هەموو نەتەوەیەکی ستەملێکراوی دیکەی دنیا لەم تێکنۆلۆژییە نوێیە و کاریگەری و توانا شاراوەکانی، ئاراستەی ئەم پرسیارە گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بەوەیکە کورد بۆ ئەستاندنی مافی خۆی و گەیاندنی بانگی مافخوازیی خۆی بە گوێی جیهان کەڵکی لەم دنیا نوێیە وەرگرتووە؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە سەرەتا هەندێ ڕەهەندی ئەم باسە شیتاڵ بکرێتەوە؛ پێش لە هەموو شتێک خودی چەمکی بەجیهانیبوون. ئەگەرچی پێناسەی جۆراوجۆر لەم چەمکە بوونی هەیە و ئەمەش گرێدراوە بە شێوەڕوانین و جیهانبینیی تاکەکان بەڵام لە کورتترین پێناسەی خۆیدا بەجیهانیبوون بریتییە لە دیاردەیەکی چەندڕەهەندی کە گرێچنە جۆراوجۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، زانستی و پێوەندییەکانی خستووەتە ژێر ڕکێف و کاریگەری خۆیەوە. یان وەک «مارتین ئالبرۆ» دەڵێ: «بەجیهانیبوون ڕەوتێکە کە بەهۆیەوە خەڵکانی جیهان لە کۆمەڵگایەکی هەمەلایەنی جیهانیدا پێک دەبەسترێنەوە.»

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێناسەیە لێرەدا دەبێ باسێک بکرێت لەسەر ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و بزانین کە کورد لە چ ژینگەیەکدا دەژی و کلتووری زاڵ بەسەر ئەو ژینگەیە کە ئەو خەباتی تێدا دەکات چییە و چۆنە؟ بەپێی هەڵکەوتی جوگرافیایی، کوردستان واتە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردان، لە یەکێک لە پڕکێشمەکێشترین ناوچەکانی جیهان واتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵکەوتووە؛ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆمەڵگایەکە کە لە ڕووی دەسەڵاتداری سیاسییەوە، پێکهاتەیەکی توتالیتێر_دیکتاتۆر_ئۆپۆرتۆنیست بەسەریدا زاڵە و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، کۆمەڵگەیەکی چەقبەستووی پڕ لە خورافە و پڕ لە تاپۆ و قەدەغە و قۆرغ و بڤە و دەبێ و نەبێ بەسەریدا حاکمە؛ هاوکات لەگەڵ ئەوەش ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە تێیدا ساڵانێکە لە بیر و هزرەوە، هەتا خواست و پێویست و حەز و ئاوات، تەنانەت هەتا نارەزایەتی و شۆڕش، هەموو شتێک تاکاوی بووە و لە چوارچێوەی خواستێکی تاکەکەسی و نهێنیدا ماوەتەوە، و بەهۆی ترس لە دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەکان، کۆمەڵگە و توێژەکانی نێوی، شێوە و شێوازی گشتی و ڕایەڵەیی بەخۆیەوە نەگرتووە. لێرەدا پێویستە سەرنجی بابەتەکەمان لەسەر چوار پارچەی کوردستان ورد بکەینەوە و بیهێنینە سەر ئەو پارچەی کە بە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەناسرێ و سروشتی ڕێژیمی زاڵ بەسەری بهێنینە بەر باس تاکوو لە کۆتاییدا بگەینە ئەنجامێکی بەرهەست.

لە دۆخێکی وەهادا، واتە لە هەرێمێکدا کە هەندێک کلتووری سواو زاڵە بەسەر شێوەبیرکردنەوەی کۆمەڵگا و هاوکات ڕێژیمێکی تۆتالیتێر و دیکتاتۆر بەسەریدا زاڵە، لەناکاو پرۆسەیەک دەست پێدەکات کە ئێمە بە «بەجیهانیبوون» دەیناسین کە گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانمان، بیرکردنەوەمان و جیهانبینییەکانمان پێک هێنا. گۆڕانێک کە لەگەڵ بەردەوامیی خۆی ئێمەش ناچار بووین کە لەگەڵی بین. بۆ نموونە ئەگەر سەردەمانێک ماهوارە وەک ئامێرێکی سەیروسەمەرە سەیری دەکرا و لەلایەن حکوومەتەوە دیاردەیەکەی ناپەسند بوو و خەڵکیش بە ترسەوە کەڵکیان لێوەردەگرت، ئەمڕۆ بووەتە ئامێرێکی ئاسایی نێو ماڵ؛ هاوشێوەی هەموو کەرەستەکانی دیکە کە ڕۆژانە خەڵک کاری پێ دەکەن؛ ئەمەش بەو هۆیەوە کە لەگەڵ گۆڕینی سەردەمەکان گۆڕان لە جۆری ئامێرەکان و تواناییەکانیان هاتووەتە ئاراوە و تێگەیشتنی گشتی کۆمەڵگاش گۆڕاوە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا دنیای مەجازی و سووشیالمیدیا یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویانە بۆشاییەکی گەورە بۆ ئینسانەکان پڕ بکەنەوە کە بە ئاسانی دەتوانن تێیدا بخولێنەوە و باس لە هەست ونەستەکانیان بکەن و ویستە شاراوەکانیان بهێننە گۆ. سوشیالمیدیا، ئەو دەرفەتەی سازکرد کە خەڵکانی ئەو کۆمەڵگایە بەبێ تێچووی زۆر بتوانن، ڕایەڵەی خۆیان لەسەر بناغەی بیر، حەز، ویست، ئاوات و شۆڕش دابمەزرێنن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی ورد بکرێ؛ سووشیالمیدیای ئێمە و سووشیالمیدیای ناوچەکانی تری دنیا. وەک باس کرا کۆمەڵگای ئێمە لە ناوچەیەک هەڵکەوتووە کە تێیدا کۆمەڵێک سیستمی پاشکەوتووی دیکتاتۆری تۆتالیتێر بەسەریدا حاکمە کە ئەم جۆرە دەسەڵاتانە کاریگەری لەسەر تەنانەت سووشیالمیدیاش دادەنێن و جیایان دەکەنەوە لەو سووشیالمیدیایەی کە بۆ نموونە لە ڕۆژاوا کەڵکی لێوەردەگیرێ.

لێرەدا دوو باس هەیە:

یەکەم: زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست، ئەوانەی کە دەسەڵاتداری تەناهی ڕواڵەتەن سەقامگیریان هەیە، وەک ئێران، تورکیا، سعودیە، قەتەر و ئیمارات، ئەوانە سووشیالمیدیا بە مەترسی لەسەر گوتاری زاڵی خۆیان دەزانن و کەم تا زۆر هەموویان لەدژی سووشیالمیدیا ڕاوەستاون و ڕادەوەستن.

دووهەم: گرووپە تێرۆریستییەکانی چالاک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سووشیالمیدیا وەک ئامێرێکی پەیوەندی و ئەندامگیری وەک میدیای فەرمی خۆیان بەکار دێنن.

لەسەر سووشیالمیدیا لە ئێراندا، دەکرێت بە ڕوونی بڵێین کە کۆماری ئیسلامی، وەک ڕێژیمێکی تۆتالیتێر، لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە لە نوێترین ئامێرەکانی پێوەندی گرتن دەڕوانێ. بەو واتایە کە هەم سووشیالمیدیا بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دەناسێ، هەم وەک دەرفەتێکی لەبار لێی دەڕوانێ واتە وەک دیاردەیەکی دوولێوارتیژ دەیبینێ! بەڵام چۆن؟

کۆماری ئیسلامی زۆر باش دەزانێ کە تێکنۆلۆژی نوێی پێوەندی گرتن و بەتایبەتی سووشیالمیدیا چەندە کاریگەری و باندۆڕی هەیە لەسەر وەڕێخستنی جووڵەی ئێعترازی و «ئاگاکردنەوە»ی جەماوەر و ڕێکخستنی شانە و هەستەی دژایەتی لە نێو خەڵکدا.

کەواتە بە هەموو تواناوە هەوڵی فیلتێرکردن، لەنێوبردن و ناچارکردنی خەڵک دەدات تاکوو کەڵکی لێوەر نەگرن؛ کەواتە لەم ڕەهەندەوە وەک مەترسییەکی مەزن بۆ سەر خۆی لە قەڵەمی دەدات. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆماری ئیسلامی دەزانێ کە بە زۆرەملێ و هەڕەشەکردن و چاوسوورکردنەوە ناتوانێ پێش بە تیشکاوێژی و دزەی سووشیالمیدیا بگرێ. وەک چۆن دەڵێن دەزانێ کە بە بێژنگ پێش بە خۆر ناگیرێ. کەواتە ناچارە وەک هەلێک لێی بڕوانێ کە دەتوانێ ببێتە ئامرازێک لە بەردەستی خۆیدا تاکوو بەشێوەیەکی ئەندازیاریکراو و کۆنترۆڵکراو بیر و ئایدیۆلۆژی دەزگای ویلایەتی پێ پەرە پێ بدات یا ئەگەر ئەوەشی پێنەکرا بیکاتە ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی شەڕی نەرم و شێواندنی ڕای گشتی لە قازانجی دەسەڵاتی خۆی. بەو پێیەش لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵی دژایەتی کردنی دەدات کە بەکورتی بەمشێوەیەیە:

١: سیاسەتی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە زۆربەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکانی وەک فەیسبووک و تویتێر و تێلێگرام و ئینستاگرام، فیلتێر بکات.

٢: لە ڕێگەی تەرخان کردنی گرووپی تایبەت، بۆ ئاراستەکردنی باسەکانی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، بەردەوام لە هەوڵدایە، ڕێگر بێت لەوەی پانتایی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی وەک پانتاییەک بۆ دژایەتی ڕێژیمی ئێران کەڵکی لێوەربگیرێت.

٣: هاوکات لەگەڵ ئەوە بۆ کارتێکەری لەسەر ڕای گشتی، چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە نێوخۆی وڵاتانی موسوڵمان لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی باننناوچەیی، ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی بەکار دێنێ، واتە وەک دەرفەتێکی میدیایی سەیری دەکات تا وەک باس کرا ئایدیۆلۆژییە چەقبەستووەکەی خۆی پەرە پێ بدات.

٤: کۆماری ئیسلامی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی، وەک ئامێرێک بۆ شەڕی نەرم لە دژی ئۆپۆزسیون و بەرهەڵستکاران و دژبەرانی ناوخۆیی و دەرەکی خۆی بەکار دێنێ و هەوڵی نانەوەی ئاژاوە لە نێوانیان دەدات.

لەسەر باسی شەڕی نەرم لە سووشیالمیدیا دەبێت بڵێین، چونکە سووشیالمیدیا لە یاسایەکی تایبەت پەیڕەوی ناکات، هەموو لایەنێک دەتوانێ بەو جۆرەی کە خۆی پێی وایە کارتێکەری زۆرە، شەڕ لەگەڵ بەرانبەرەکەی بکات، واتە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی، لە شەڕی نەرمی نێو سووشیالمیدیادا نییە.

کۆماری ئیسلامیش، ئەوەی وەک دەرفەتێک گواستۆتەوە و لە باسی شەڕی نەرم لە دژی کوردستان لە بیاڤی سووشیالمیدیادا، هەوڵی داوە زمانی شڕ و قسەی سووک و جنێو بکاتە دەسمایەیەک بۆ ئەوەی، پەرە بە شەڕە نەرمەکەی لە دژی بەرهەڵستکارانی خۆی بدات؛ چونکە کۆمەڵگای کوردستان بە جنێو زۆر زوو هەڵدەبەزێتەوە و زۆربەی جارانیش یان پێی تێکدەچێت و پێی دەچرژێ، واتە لە ڕووی دەروونییەوە کارتێکەری لەسەر دەکات یان ئەوەی بێوڵامی ناکات و وێڕای لایەنی جنێوفرۆش کە ڕوونە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و سایبێرییەکانی ڕێژیمەوە کۆنترۆڵ کراوە ئەویش جنێو دەدات.

لێرەدا دەبێ بینە سەر مەسەلەی کورد و کوردستان و بەم بەرچاوڕوونییەی کە دامان، دەبێ هەوڵ بدەین ئەگەر بە کورتیش بووە، ڕێکاری پێویست بۆ داهاتوومان و شێوازی هەڵسوکەوتمان لە دنیای مەجازی بخەینە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستە دوو نموونە دەهێنینەوە:

وەک ئاماژەی پێکرا یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی یان باشترە بڵێین یەکێک لە تاکتیک و بەرنامەکانی ڕێژیم لە چوارچێوەی شەڕی نەرم بریتییە لە تێوەگلاندنی تاکی کورد بە شەڕ و دەمەقاڵەیەکەوە کە لەڕاستیدا شەڕی ئەو نییە.


لەوانەش شەڕی ئایینی و مەزهەبی، شەڕی ناوچەیی، شەڕ لەپێناو بەرژەوەندی کەسێکی دیاریکراو یان جیناح و باندێکی سەر بە ڕێژیم کە ئەم هەوڵە لەڕاستیدا بۆ لەباربردن و خەساندنی ئەو توانا و پۆتانسیەلەیە کە کورد هەیەتی بۆ شۆڕش و بەرهەڵستبوونەوە کەواتە یەکەم کارێک کە دەکرێ ئەنجام بدرێ بریتییە لە تێوەنەگلان بەو جۆرە باس و خواستە کۆنترۆلکراوانەی کە وەک وترا هیچ پێوەندییەکی بە ژیان و داهاتوو و چارەنووسی ئێمەوە نییە.

تاکتیکێکی تری ڕێژیم دەتوانێ هەوڵێک بێت کە کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی دامودەزگا و ئیمکانات و هێزێکی زۆروزەوەندی ماڵی و ئینسانی کە هەیەتی دەیخاتە گەڕ تاکوو تاکی کورد لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیانی و لەسەرووی هەمووان شوناسی چییەتی خۆی نامۆ و نائاشنا بکات. نەتەنیا نامۆ بەڵکوو بیکاتە خاڵێکی لاواز لە مێشک و هزریدا کە ئەمە زیاتر لە نێو سریاڵ و فیلمە سینەماییەکانیدا بەرجەستە بووەتەوە و بینیومانە.

کەواتە دەتوانین وەک کۆبەندێک بڵێین کورد دەبێ لە ئێستەدا بە ناسینی درووست لە خۆی، مێژووەکەی، کلتوورەکەی و بەگشتی شوناسەکەی کە پێی دەناسرێتەوە هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان خۆی و هێژمۆنی داگیرکەردا بکێشێ و لەسەر ئەم ئەساسە بەرپەرچی هەوڵە کۆلۆنیالیستییەکانی دوژمن لە پانتایی دنیای مەجازی و سووشیالمیدیادا بدات کە ئامانجەکەی داماڵینی کەرامەت و شوناس و کەسایەتییە لەبەر تاکی کورد.

کورد دەبێ بە ناسینی ڕێئالیستییانە لە خۆی، ژینگەی ژیان و خەباتی، پرسی بەجیهانیبوون و کاریگەری و مەترسییەکانی، دوژمنەکەی و سیاسەتەکانی و شێوازی درووستی کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی پێوەندی گرتن نەک وەکوو هەڕەشە بەڵکوو وەک دەرفەتێک بۆ خۆی کەڵکیان لێوەربگرێ و وەک دیاردەیەکی مۆدێرنی ئەمڕۆیی سەیریان بکات کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتنی زیاتری خۆی و نەسڵەکانی دواتری کە بڕیارە نیشتمانێکی نوێ بنیات بنێن.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون




« بازنە یان خشتەی خۆشی Sonja Lyubomirsky »

مریەم عەلیپوور

**بەشی بیستەم**

Sonja Lyubomirsky پڕوفسۆر و کەسێکی شارەزا و پیشەییە لەسەر ئەوەی کە «ئێمە چۆن بتوانین بەکەیف و دڵخۆشتر بژین». Sonja بە ڕەچەڵەک خەڵکی ڕووسیەیە و لە تەمەنی یازدە ساڵییەوە چۆتە ئەمریکا و مامۆستای زانکۆیە لە کالیفۆرنیا.

Sonja دەڵێت کاتێک جێگۆڕکەمان کرد و شوێنی خۆمان بەجێهێشت و چووینە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شتێک سەرنجی منی ڕاکێشا و پێی سەرسام بووم؛ ئەویش ئەوە بوو کە خەڵک کاتێک یەکتریان دەبینی زەردەخەنەیەکیان دەکرد و زۆر دۆستانە پێکەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد کە لە ڕووسیە وا نەبوو.

Lyubomirskyبە بازنە یان خشتەی خۆشی و بە دۆزینەوەی ٤٠ ٪ ڕێگاچارە، بەناوبانگە. بازنە یان خشتەی خۆشی، باسی ئەو فاکتەرانە دەکات کە هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بتوانن دڵخۆش بن. ئەو لەدوای لێکۆڵینەوەیەک بەو ئاکامە گەیشتووە کە:

.٥٠٪ ژین Genetic Tendencies (پاژێک لە کرۆمۆزۆم کە ئامرازی ڕاگواستنی سفەتە میراتییەکانە).

. ١٠٪ ژینگەCircumstance .

. ٤٠ ٪ دڵخۆشبوونی خەڵک پێوەندی بە هەڵبژاردە و چالاکییەکانی ئەوانەوە هەیە . Intentional Activities

ئێمە دەتوانین بڕیار بدەین بۆ کەمکردنەوەی هەستە ناخۆشەکانی خۆمان. لە پڕۆسەی ڕاهێنەریدا، دەبێ زیاتر چڕبوونەوەمان لەسەر ئەو ٤٠ لەسەدە بێت یانی هەڵبژاردە و چالاکییەکان بۆ گۆڕانکاری لەسەر هەستە ناخۆشەکانمان. یانی دەتوانین ڕۆژانە خۆمان بەو چالاکییانە سەرقاڵ بکەین کە هۆکاری دڵخۆشی ئێمەن.

وێنەی سەرەوە « بازنە یان خشتەی خۆشی Sonja Lyubomirsky ». ئاماژە بە هۆکار یان فاکتەرەکانی دڵخۆشبوونی مرۆڤەکان دەکات.

بەکەیف و دڵخۆشی و هەست بە بەختەوەری کردن لەوانەیە لە نێو ڕەوشت، شێوازی بیرکردنەوە و کار و چالاکی ڕۆژانەتدا هەبێ بەڵام هەوڵ بدە خۆتی لێ دوور نەکەیەوە. هەربۆیە زۆر گرنگە مرۆڤ کاتێک لە خەو هەڵدەستێت بەو شێوە بیر بکاتەوە و بڵێت: «ئەوڕۆ ڕۆژێکی خۆش دەبێت!» یان بڵێت: «من توانام هەیە و زۆر کاری باش دەتوانم بکەم!»

### بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەرێنی

بایەخدان بە بەهاکان و تەندروستی، خۆخۆشەویستی، سپاس کردن و پێزانین، هەموو ئەوانە بنەمان بۆ سەرکەوتن لە ژیانی ڕۆژانەماندا و بنچینەی ئەوانەش تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەرێنییە. جۆری بیرکردنەوەمان سەرەڕای ئەوەی کاریگەری لەسەر شێوازی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئێمە هەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری لەسەر کەسانی دەورووبەری ئێمەش هەیە. سەرنج بدە بۆ ئەو ئەرکانەی لەسەر شانتن بۆ باشتر بیرکردنەوەی ئەرێنی و تێڕوانینی ئەرێنی لەسەر خۆت.

لە کۆتایی هەر مانگێک هەموو ئەو کار و ڕووداوانە دەستنیشان بکە کە تۆ سپاسگوزاری (شوکرانەبژێری) کە ڕوویان داوە. بایەخ بە تەندروستی خۆت بدە. سپاسگوزاری ئەو کەسانە بکە ڕۆژانە لەگەڵیان دەژی و یارمەتیدەرن بۆ پێشبردنی کار و ئەرکەکانت. بیرت بە شتە بێ بایەخ و نەرێنییەکان خەریک مەکە و زیاتر بیر لە شتە باشەکان بکەوە. پرسیار لە خۆت بکە و بڵێ چ شتێک یان کارێک دەبێتە هۆکاری بە ئامانج نەگەیشتنم یان لەوانەیە لە درێژایی ساڵدا ببنە کێشە. بەشداری چالاکی و کاری بەکۆمەڵ بکە. کاتی ئازاد بۆ خۆت دیاری بکە و کەڵکی باشیش لە کاتە ئازادەکەت وەرگرە. هەوڵ بدە کەڵک لە توانا و لێهاتوویی خۆت وەرگری. ئاگاداری تەندروستی و کەیفخۆشی و ئاکار و ڕەوشتی خۆت بە. لە بیر ئەوەدا بە کە خەو، خواردن و پێکەنینت بەپێی پێداویستی خۆت هەبێ. ئەوەی بزانە، پێکەنین هۆکارێکە بۆ ژیانێکی خۆش و تەمەنی درێژ. ڕۆژەکەت بە دڵخۆشی و بیری باش دەست پێبکە و بیر بکەوە چ شتێک دڵخۆشت دەکات. بزانە ڕۆژانە چ دەبێ بکەی و بۆچی دەبێ بیکەی. پلانی کاری ڕۆژانەت بە شێوەیەکی دیاریکراو دابڕێژە کە پڕ بێت لە چالاکی و ئەرکی بایەخدار. لە ڕێکەوتێک یان هەلێک کە بۆت دێتە پێش باشترین کەڵک وەرگرە. بەدوای شتی ئەرێنیدا بگەڕێ و شتە نەرێنییەکان کەم بکەوە. هەوڵ بدە زیاتر لەو وشانە کەڵک وەرگری کە دەربڕی سپاس و پێزانین بن. بەهاکانی خۆت بناسە و بایەخیان پێ بدە. بە چاوی ڕێزەوە چاو لە ویست و داخوازییەکانی خۆت و کەسانی دیکە بکە. هەوڵ بدە ئەو کارانە بکەی کە مانا، جوانی و خۆشی دەبەخشن بە ژیان. بە ڕوویەکی خۆشەوە گوێڕاگری قسەی خۆش و سۆزدارانەی خەڵکانی دیکە بە. خۆت بە کەم مەگرە و لە هەمانکاتدا خۆشت پێ لە خەڵکانی دیکە زیاتر نەبێت. زۆربەی کاتی خۆت لەگەڵ ئەو کەسانە بەسەر بەرە کە شتی تازە و باشیان لێڕا فێر دەبی. کارە باشەکانی خۆت لەسەر تێنووس(کاغەز) بنووسە و بەباشی بیر لە خۆت بکەوە.

### هەڵسوکەوتی (ڕەوشتی) ئەرێنی

هەوڵ بدە کار و کردەوەکانی ڕۆژانەت باش بن. کەسێکی قسەخۆش، سۆزدار و یارمەتیدەر بی و بە پێی توانای خۆت یارمەتی خەڵک بدە. بۆوێنە کاتێک دراوسێکەت لە سەفەرە، ئاگات لە حەوشەکەیان بێت. سەردانی کەسانی بەساڵاچوو بکە کە دەیانناسی. دەسکەگوڵ بۆ کەسێک بکڕە کە کارێکی باشی بۆ کردووی و ... هتد. کات و وزە بەکار بەرە بۆ ئەوەی لەگەڵ بنەماڵە و خزمانت بی. دەوری ئەو کەسانە بدە کە یارمەتیدەر و پشتیوانتن. سپاسی ئەو کەسانە بکە کە ڕۆژانە شتێکیان لێڕا فێر دەبی. فێری بەخشین بە. بە تانەوتوانج قسە لەگەڵ خەڵک مەکە. لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی خەڵکدا بە و خۆشی و ناخۆشی خۆشت لەگەڵ ئەوان دابەش بکە. ئەگەر ئەندامی ڕێکخراو یا حیزبێکی، بەرژەوەندی ڕێکخراوەکەت پێ لە بەرژەوەندی تاکەکەسی گرنگتر بێت. ڕۆحی هاوکاری و پشتیوانی کەسانی دیکەت هەبێ.

یەکێک لە خوو و ڕەوشتی مرۆڤە پایە بەرزەکان ئەوەیە کە لە بەرامبەر قسەی خۆیاندا خاوەن بەڵێنن و قسە و کردەوەیان وەک یەکە. بۆوێنە زۆر لە ئێمە ئەوەمان بیستووە یا دیتوومانە کە دایکێک یان باپێک بە منداڵە دوو و سێ ساڵانەکەی دەڵێت قەند مەخۆ پیسە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بەر چاوی منداڵەکەی کەلپە قەندێک هەڵدەگریت و چای پێدەخواتەوە. قسە و کردەوەکە دوو شتی لەیەک جیاوازن و چاوەڕوانی لە منداڵەکەی ئەوەیە کە بە قسەی بکات، لە کاتێکدا خۆی لە بەر چاوی منداڵەکە مرۆڤێکی ڕاستگۆ نەبووە. ئەو دایکە یا باوکە دەتوانێت بە شێوەیەکی لۆژیکی بۆ منداڵەکەی باسی لایەنی چاک و خراپی قەندەکە بکات و لەهەمان کاتدا بڵێت ئێستا کە تۆ منداڵی و تازە ددان دەردەکەی واباشە لە خواردنی قەند خۆت بپارێزی لە بەر ئەوەی بۆ ددانت خراپە و هەر کات گەورە بووی ئەو کات خۆت بڕیار دەدەی و دەزانی بە چ شێوەیەک لە خواردنی قەند کەڵک وەرگری.

### کاتی خۆش بردنەسەر یا پێخۆشبوون

کەسانێک هەن کە هەردەم خەریکی کارکردن و بەرهەمی تازەن و کاتیان کەم هەیە لەگەڵ کەسانی دەورووبەریان بە خۆشی کات بەرنەسەر. یان لەو شتانەی هەیانە بە خۆشی کەڵک وەرگرن، بەردەوام خەریکی ئاڵوگۆڕن. دەبێ ئەوەندەی لە تواناماندایە و پێویستە بکەین، با بیکەین. بۆوێنە: کەسێک ناو ماڵەکەی ڕەنگ دەکات، هەرکە لە ڕەنگ کردن تەواو بوو ئەوەندە کات بە خۆی نادات تا ماندوویەتی دەرکات، زوو بیر دەکاتەوە واباشە ئەو لایەی ماڵەکەشم بە شێوەیەکی دیکە بگۆڕم، هەر بۆیە بەردەوام لە جێبەجێکردنی کارەکاندایە و لەوەندە کاتەی کە هەیەتی بەخۆشی کەڵک وەرناگرێت.

John Winston (١٩٤٠ – ١٩٨٠) Lennon گۆرانیبێژ، شاعیر و یەکێک لە بەناوبانگترین ئاوازدانەرانی سەدەی بیستەم بووە، بەتایبەت لە شێوازی ڕاک کە بەڕەچەڵەک خەڵکی ئینگلستانە، ئەو لە مۆسیقا، لە بواری سیاسەت، ئاشتیخوازی، نووسەری و شانۆگەریدا کاری کردووە و دەڵێت: ‹‹ژیان هەر ئەوەیە کە ڕوو دەدات لە کاتێکدا ئێمە سەرقاڵی دانانی پلانی دیکەی داهاتووین.››

دوو شت دەتوانێ هۆکار بێت بۆ پێشگیری لە خۆشی و بەکەیفبوونی ئێمە لە ژیاندا:

١. شەرمنی یا شەرم کردن: شەرم کردن دەبێتە هۆکاری دروست بوونی ترس لە مرۆڤدا و هەر بۆیە ئەو کەسانەی شەرمنن زۆرتر دوورەپەرێزن و تەنانەت ترسیان هەیە لەوەیکە داوای یارمەتیش لە خەڵکانی دیکە بکەن کە هەموو ئەوانەش دەتوانن هۆکار بن بۆ دروست بوونی نەخۆشی و بەتایبەت نەخۆشی دەروونی.

٢. هەستی نەرێنی و خۆشی مراندن: کەسێک کە هەستی نەرێنی زۆر بێت و خۆشی دەمرێنێت، یانی خەڵکی توشی دوودڵی و ورووژاندن بکات بەشێوەی نەرێنی. وەک ئەوەیکە مرۆڤ هەموو کاتێک بەشێوەی نەرێنی و ڕەخنەگرانە بڕوانێتە بابەتەکان و قەت هیچ شتێک بە باشی و ئەرێنی نەبینێت. یان کەسانێک هەن کە چاوەڕوانی زیاتریان لە توانا و لێهاتوویی خۆیانە، هەروەها چاوەڕوانی زیاتریان لە خەڵکانی دیکەش هەیە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ زیاتر دڵخۆش بێت و کەڵک لە خۆشییەکانی ژیان وەرگرێت زۆر کاری باش دەتوانێت بکات بەتایبەت لەگەڵ کەسانی دیکە کە هەست بەخۆشی و ئاسودەیی لە گەڵیاندا دەکات. ڕێگایەک یا فۆرمێک بۆ ئەوەی زیاتر لە ژیانی ڕۆژانەماندا دڵخۆش و بە کەیف بین، پێکهێنان و باس کردنی ڕووداو و بەسەرهاتی خۆشە. هەوڵ بدە چالاکی، دانیشتن و میوانداری زۆر پێک بهێنی و زیاتر باسی ئەو بابەت و ڕووداوانە بکەی کە خۆش بوونە.

### ژەمەخواردنێکی بەتام

Sonja Lyubomirsky بەسەرهاتی پیاوێکی یەهوودیی زیندانیکراو دەگێڕێتەوە کە لە کارەساتە جینایەتکارانەی هۆلۆکاست لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی لە لایەن حیزبی نازیستی هیتلێر لە ئاست نەتەوەی یەهوود لە ئاڵمان کرا، ئەو لە زینداندا بووە. ئەو دەگێڕێتەوە کە پیاوەکە دوای ڕزگاربوونی لە زیندان بۆ هاوڕێیەکانی گێڕاوەتە و گوتوویەتی، من هەموو شەوێک ژەمەخواردنێکی خۆش و بەتامم دەخوارد لە ڕێگای لاساییکردنەوە؛ جووڵاندنەوەی لەشم و قسەکردندا.

دەڵێت هەموو شەوێک لە کاتێکی دیاریکراودا وام دادەنا کە لە میوانداریەکی گەورەم و مێزێکی ڕازاوە بە قاپ و دەفری بەنرخ کە پڕە لە زۆر جۆر خواردن و بیرە و خواردنەوەی سەرخۆشکەر و منیش بە کۆت و شاڵوار و ڕوخسارێکی پڕ لە خۆشی و شادمانی دانیشتووم و خەریکی نان خواردن و گێڕانەوەی قسەی خۆشم بۆ میوانەکان. دوای ئەوەی خواردن و خواردنەوەکەم تەواو بوو، لەسەر تەختێکی خەو کە پێخەفەکانی لە پێستی ئاسکە کێوینە، ڕادەکشێم و پشوو دەدەم. بیرم دەکردەوە کە دەبێ باش خۆم ئامادە بکەم و سەرحاڵ و تەندروست بم لەبەر ئەوەی بەیانییەکەی وەک کۆڕگێڕێک بەشداری سیمینارێک دەبم.

Sonjaلە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەدا پێمان دەڵێت ئێمە مرۆڤەکان دەتوانین کاتێکی خۆش بۆ خۆمان پێک بێنین کە دەبنە هۆکار بۆ زیادکردنی وزە و توانا بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ڕووداوە ناخۆشەکان. هەر لە ڕێگای خەیاڵ کردندا دەتوانین سەفەرێکی خۆشیش بۆ خۆمان بکەین بۆ ئەوەی هەستە نەرێنی و ناخۆشەکانمان بگۆڕین و بیانکەینە هەستی ئەرێنی. هەست و هۆش و بیرکردنەوەکانمان سەرچاوەن و دەبێ بەرەو خۆشی و ئەرێنی بوونیان ڕاکێشین بۆئەوەی هەست بە خۆشی و چێژبردن لە ژیاندا بکەین.

### ٥,٢سامانی(سەرمایە) ئەرێنی

Pierre Bourdieu (١٩٣٠ – ٢٠٠٢) کۆمەڵناسی فەڕەنسەوی پێیوایە مەبەست لە سامان ئەوانەی خوارەوەن:

١. سامانی ئابووری
٢. سامانی مرۆڤی
٣. سامانی کۆمەڵایەتی
٤. سامانی دەروونناسی ئەرێنی

لەسەردەمی پێشوودا مەبەست لە سامان تەنیا ئابووری وەک دراو یان پارە(پوڵ) یان توانایی ماڵی و ماتێریاڵ بووە. بەڵام ئێستا زانستی ئابووری سامانەکانی جیا کردۆتەوە و مەبەست لە سامان تەنیا دراو نییە. تێگەیشتن لە سامان و ئابووری، تێگەیشتنە لە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دەورووبەرماندا ڕوودەدەن و پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە کار و چالاکی تاک و ڕێکخراوەکان هەیە.

هەبوونی سامان و ئابوورییەکی سەقامگیر و پتەو هۆکارە بۆ ئەوەی چ وەک تاک و بەتایبەت چ وەک ڕێکخراو ببێت بە هێزێکی ناوچەیی و جیهانی. سەرچاوەی سامان و ئابووری هەمیشە پێناسە بووە بۆ جۆری ڕێکخراوەکە.


مەبەست لە سامانی ئەرێنی بەر لە هەرشتێک گەشەکردنی دەروونناسی تاکەکانە و بەتایبەت کاتێک ئەندامی ڕێکخراوێکن، لەبەر ئەوەی کاریگەری لەسەر هەموو ستروکتوری ڕێکخراوەکە دادەنێت.

# لە جاشەوە بۆ جاش قەڵەمەکانی کوردستان

**"خوێندنەوەیەکی کارکردخوازانە بۆ دیاردەی جاش لە کوردستان"**

**مالینۆفیسکی دەڵێت: هەر دیاردە یان توخمێکی فەرهەنگی تا کاتێک قازانج و سودی هەبێت، دەمێنێتەوە.**

شێرکۆ



**سەرەتا**

دەستەواژەی «جاش» وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، ئەگەرچی وەک بابەتێکی بایۆلۆژی زۆر کۆنە! مێژووی سەرهەڵدانی بەربڵاوی ئەم دەستەواژەیە هەرچەند لە بەشەکانی دیکەی کورستان زووتر بووە بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هاوکاتە لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتن و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن ئایەتوڵاکانەوە لە ئێراندا.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خومەینی و باندەکەی، دوای ماوەیەک وتووێژ و بێئاکاممانەوەی وتووێژ، ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو و نابەرابەر دەبنەوە. لەم شەڕەدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکوو باسکی بەهێزی گەلی کورد، ڕۆڵ و دەوری سەرەکی دەگێڕێت و کۆمەڵێک زەبری گورچکبڕ لە ڕێژیم دەوەشێنێت. لە ئاکامی ئەم هەوڵ و چالاکییانەدا، پێشمەرگە، بوون و مەوجوودیەتی خۆی وەکوو هێزێکی ڕاستەقینە دەسەلمێنێت.

لەم ڕێکەوتە بە دواوە، ڕێژیم لە ڕێگەی هەندێ کەسی بەکرێگیراو و ئاڵقە لە گوێوە، هێزێکی هاوتەریب لەگەڵ هێزی «پێشمەرگەی کوردستان» بە ناوی «پێشمەرگەی موسوڵمان» دادەمەزرێنێت کە دواتر بە ناوی «جاش» ناوبانگ دەردەکات. مەبەستی ڕێژیم لەم کارە سێ ئامانجی سەرەکی بوو؛

یەکەم، دەیویست وا نیشان بدات کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان باوەڕی بە ئایینی ئیسلام نییە و کافرە، تاکوو دواتر وەک هێزێکی کافر لەگەڵی هەڵسوکەوت بکات و فەرمانی جیهادی لە دژ دەربکات، لە هەمانکاتدا شەڕی کوردستان وەکوو شەڕی کافر و موسوڵمان پێناسە بکات. بابەتێک کە دواتر لە فەرمانی جیهادی خومەینیدا بۆ سەر کوردستان ڕەنگی دایەوە و شەڕی کوردستانی بە شەڕی کافر و موسوڵمان شوبهاند و دەیگوت: «شەڕی ئێمە لە کوردستان لەگەڵ کوفرە نە لەگەڵ کورد».

دووهەم، بێڕێزی کردن و دابەزاندنی شکۆ و هەیمەنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی ڕزگاریبەخش و ئازادیخواز.

سێهەم، دروستکردنی پوازی کوردی بە مەبەستی دووبەرەکینانەوە، دوژمنایەتی و شەڕی ناوخۆیی، کە بەداخەوە هەندێ کەسی نەزان، گەمژە و هەلپەرەست، کەوتنە داوی ڕێژیمەوە و لە ئاکامدا کۆمەڵێک دەرئەنجامیماڵوێرانکەر و قەرەبوونەکراوەی لێکەوتەوە.

لەو هەلومەرجەدا کە ئاماژەمان پێدا، ڕێژیم دیاردەی جاش و جاشایەتی بەلاوە گرنگ بوو و بۆ پەرەپێدان بەم کارە لە هیچ جۆرە فرتوفێڵ و چەشتە خستنێک سڵی نەدەکرد، چونکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، پێویستیی زۆری بە هێزی خۆماڵی دژبەر هەبوو.

دوای ڕاگرتنی شەڕی چەکداری لە کوردستان و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکانی کوردستان و ناوخۆی هەرێمی کوردستانی باشوور، جاشایەتی گرینگی و بایەخی ڕابردووی خۆی لە دەس ئەدا و دوای کارلێکێشانەوەی زۆر، جاشەکان بەرەڵا دەکرێن و وەکوو پێویست ئاوڕیان لێنادرێتەوە، چونکە قازانج و کارکردی پێشووی خۆیان لە کیس دابوو. هەر بۆیە دواتر ڕێژیم بیری لە دروستکردنی جۆرێکی دیکە لە جاش، گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی نوێ کردەوە، کە لێرەدا وەکوو "جاش قەڵەم" پێناسە دەکرێت.

**جاش قەڵەم کێیە؟**

دوای قۆناخی شەڕی چەکداری، قۆناخێکی نوێ هاتە ئاراوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ قۆناخی ڕابردوو جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بە کورتی لە قۆناخی ڕابردوودا، جاشەکان ڕاستەوخۆ لە دژی خەباتکارانی کورد دەجەنگن و لە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستاندا وەکوو چاوساغ و کەواسووری بەر لەشکر ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام لە قۆناخی نوێدا، بەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کرد، هەلومەرجی کوردستان گۆڕانی بەسەردا دێت، کەوابوو پێداویستی جۆرێکی دیکە لە جاش سەر هەڵئەدات. جاشایەتی نوێ ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێت، کە قەڵەم، لێهاتوویی، توانا، هزر و ئەندێشە و بە گشتی سامانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیان بە جێگەی بەکارهێنان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی، لە دژی نەتەوەکەیان بەکار دەهێنن. لەم شێوازە نوێیەدا، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و شاراوە، لە قاڵبی جۆراوجۆری وەکوو کوردانی سەر بە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازانی ڕێژیم، هەندێك چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی چەواشەکراو، ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و کۆنفڕانسی فەرهەنگی حکومەتی (بۆوێنە کۆنگرەی مەشاهیری کورد ساڵی ۹۸)، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بە دروستکردنی کۆمەڵێک ماڵپەڕ، کەناڵ و گرووپ لە فەزای مەجازیدا، لە میدیاکاندا وەکوو لێکۆڵەری سەربەخۆ، ڕۆژنامەوان، چالاکی مافی مرۆڤ و ...، خۆیان ڕێکخستووە. لە سەرەتای ئەم ڕەوتەدا، کەسانێکی وەکوو ئێحسان هوشمەند، عێرفان قانیعی فەرد، سەید هاشم هیدایەتی، و ... ئەم ئەرکەیان بە جوانی جێبەجێ دەکرد. بە هەمان شێوە لە بواری فەزای مەجازیدا دەکرێ ئاماژە بە کۆمەڵێک نموونەی وەکوو ماڵپەڕی کورد پرێس و ...بکرێت.

لەم قۆناخەدا بە جێگەی سەرکوتی ڕاستەوخۆ، بە شێوەی نەرمەبڕانە، ژێربەژێر و لەسەرەخۆ، خەریکی دابەزاندنی پرسی کورد بۆ هەندێ باس و بابەتی لاوەکی، بەلاڕێدابردنی پرسی کورد و سەرقاڵکردنی خەڵکی کوردستانن، واتە بە خستنە بەر باسی هەندێ باسی بێبنەما، لە هەوڵی بێڕێزیکردن بە ڕێبەران و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، دابەزاندن و سوکایەتی بە شۆڕشی خەڵکی کوردستان، دروستکردنی کەشوهەوای ناهۆمێدی، چاندنی تۆویی چەندبەرەکی، بەفیڕۆدانی هێز و وزەی چالاکانی کوردن، کە ڕوونە ئەم کەسانە بە شێوەی خوازراو و نەخوازراو ڕۆڵی سپای سایبێری ڕێژیم دەگێڕن و لە بەرژەوەندی ڕێژیمدا هەڵسوکەوت دەکەن و ئاو لە ئاسیاوی ڕێژیم دەهاوێن.

گرووپی دیکەی نوێ هەن بە ناو و نازناویی جۆراوجۆر و نەناسراوەوە، لەژێر ناوی نیشتمانپەروەری، ڕەخنەی بنیاتنەرانە، بەپەرۆشبوون بۆ مەسەلەی کورد و ... بەردەوام خەریکی بێڕێزیکردن، جنێودان بە کەسایەتییەکان، خستنە بەر باسی هەندێ قسە و باسی بێبنەما و نازانستی، بێڕێزی بە کەسانی بەشداربوو لە شۆڕشەکانی ڕابردوو دەکەن.

لە ئاکامدا ئەم کەسانە بێجگە لە چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی پرسی کورد لە گشتییەتی خۆیدا هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە. بەپەرۆشبوونی ئەم تاقمە بۆ دۆزی کورد، سنووری هەموو بەشەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە و خۆیان قەتیسی بەشێکی تایبەت نەکردووە و خۆ لە هەموو باس و بابەتێک هەڵدەقورتێنن.

وەکو دەرئەنجام و بەشی کۆتایی دەتوانین بڵێین، جاشایەتی لە کوردستان تا ئێستا دوو قۆناخی تێپەڕاندووە. قۆناخی یەکەم هاوکاتە لەگەڵ شەڕی چەکداری و ئامرازی بەڕێوەبردنی ئەم شەڕە جاشەکانن. قۆناخی دووهەم بۆ دوای شەڕی چەکداری دەگەڕێتەوە کە بە شەڕی نەرم ناسراوە. لەم قۆناخەدا ئامرازی شەڕ کەسانی جاش قەڵەم و خۆفرۆش بوونە. واتە ئەو کەسانەی کە هزر و ئەندێشە و سامانی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان هەرزانفرۆش کردووە. پێویستە بگوترێت، ئەگەرچی لە قۆناخی یەکەمدا گوتاری زاڵ، شەڕی چەکداریی و ئامرازی جێبەجێکردنی جاشەکان بوونە، بەڵام ڕێژیم لە شەڕی نەرم خۆی نەپاراستووە. بە هەمان شێوە لە قۆناخی دووهەمیشدا ئەم سیاسەتەی ڕەچاو کردووە. بەتایبەت لە دوای ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ڕێژیم هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی سیاسەتی شەڕی نەرم، بە جیدی ئاوڕی لە جاشە کۆنەکان و گرتنی جاشی نوێ و پۆشتە و پەرداخ کردنی ئەم هێزە خۆفرۆش و دژی گەلیانە داوەتەوە.

پەیامی ئەم نووسراوە بۆ هەر دوو تاقمی جاش و جاش قەڵەمەکانی کوردستان ئەوەیە، ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری ئاخوندی ئێستا زیاتر لە هەر کات و ساتێک، لە ڕووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە ئیزۆلە و پەراوێز خراوە. تا ئەو جێگە تەنانەت لە لای هۆگران و شوێنکەوتووانی قورس و قایمی خۆیشی متمانە و مەشرووعییەتی نەماوە و بەرەو هەڵدێر و نەمان دەچێت. کەوایە باشتر وایە لەوە زیاتر کات بە فیڕۆ نەدەن و بگەڕێنەوە باوەشی گەل و لە خۆشەویستی گەل خۆیان بێبەش نەکەن.

# شەڕی نێوان کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان و دەوری کۆماری ئیسلامیی ئێران

د. میرۆ عەلیار

تێکهەڵچوونی خوێناویی ئەو دواییانەی کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە ٦ی ڕەزبەری ۱۳۹۹ی هەتاوی = ۲۷ی سپتامبری ۲۰۲۰ی زایینییەوە دەستی پێکرد و ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

لەو ماوەیەدا لەلایەن ڕاگەیەنەرە گشتییەکانەوە هەواڵێکی زۆر لەسەر شەڕی ئەو دوو وڵاتە و دەستێوەردانی هێندێک لایەنی دەرەکی بڵاو بوونەتەوە. تورکیە ڕایگەیاندووە کە بەتەواوی پشتگیری لە کۆماری ئازەربایجان دەکات.

هەواڵێک باس لە گوازرانەوەی چەکوچۆڵی شەڕ لە خاکی ئێرانەوە بەرەو ئەرمەنستان دەکات. ئێران ئەو هەواڵەی وەدرۆ خستۆتەوە، کۆماری ئازەربایجان بەڵام ئێرانی بە لایەنگری لە ئەرمەنستان تۆمەتبار کردووە. وێناچێ ئەو هەواڵە دروست کرابێ یان لە ئاسمان ڕا هاتبێ! چەند ڕۆژێکە نوێنەران و نزیکانی «آیت الله علی خامنەای» و دەوڵەت دەستیان کردووە بە تەبلیغات و لایەنگری و حەقپێدان بە کۆماری ئازەربایجان. هەموویان داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی کۆماری ئازەربایجان دەکەن، قەرەباغیان بە خاکی جیانەکراوەی «کشور اهل بیت» و «پارە تن اسلام» داناوە، فرمێسک بۆ گەلی موسوڵمانی ئازەربایجان هەڵدەوەرێنن و داوای «چۆڵکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی کۆماری ئازەربایجان» لەلایەن ئەرمەنستانەوە دەکەن.

بەڵام سیاسەت و ئاکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ٤٢ ساڵی ڕابردوو لە ناوچەدا پێمان دەڵێ کە ئەو قسە و دروشم و فرمێسکانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆماری ئازەربایجان دووڕووانە و ناسادقانەیە و لەگەڵ سروشتی ئەو ڕێژیمە ناگونجێن!

وردبوونەوە لە بارودۆخەکە ڕاستبوونی ئەو بۆچوونە دەردەخا و دەیسەلمێنێ کە ئێران خێری لەو شەڕەدایە و بەتایبەتی بەرژەوەندیی خۆی لە لاوازبوون و تێکشکانی کۆماری ئازەربایجاندا بەدی دەکات:

یەک: لە مارسی ۱۹۹۲ی زایینییەوە کۆماری ئازەربایجان پەیوەست بووە بە «شووڕای هاوکاریی ئاتلانتیکی باکوور- ناتۆ» و لە ساڵی ۱۹۹٤وە ئەندامە لە «بەرنامەی هاوکاری بۆ ئاشتی» کە ئەویش هەر سەر بە ناتۆیە. ئێران زۆر لەو مەسەلەیەوە بەرتەنگە.

دوو: لە ساڵی ۱۹۹۲ی زایینییەوە هاوکاری و پێوەندییەکانی کۆماری ئازەربایجان لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی و نیزامیدا لە گەشەی بەردەوامدایە. ئێران لەو ڕەوتە تۆقیوە کە نەکا کۆماری ئازەربایجان پایگا بدات بە ئیسرائیل و ئیسرائیل ببێت بە جیران و هاوسنووری ئێران! ئەو دڵەڕاوکەی ڕێژیم لە وتووێژی «علی اکبر ولایتی» لەگەڵ «کیهان» لە ١٤ی ڕەزبەری ۱۳۹۹ زۆر بەجوانی دەردەکەوێ.

سێ: ئەگەر کۆماری ئازەربایجان براوەی شەڕ لەگەڵ ئەرمەنستان بێ، بەهێزتر دەبێ و بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە دەتوانێ پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ڕێک بخاتەوە! دۆخەکە ڕەنگە ببێت بە هاندەرێک بۆ کۆماری ئازەربایجان کە لە مەوزەعی قودرەتەوە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە و ڕاشکاوانەتر پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران بێنێتەوە گۆڕێ.

پرسەکە ئەگەر بە جیدیش نەبێ، باکوو دەتوانێ وەک کارتێکی کاریگەری فشار دژ بە ئێران بە کاری بێنێ و بەتایبەتی لە دەریای خەزەردا ئیمتیازی زیاتر لە کۆماری ئیسلامی بستێنێ. لە ململانەیەکی ئەوتۆدا، ئەمریکا و ئیسرائیل پشتی کۆماری ئازەربایجان دەگرن.

لە ڕابردوودا دیتراوە کە ئێران کۆماری ئازەربایجانی بە هاندان و پشتیوانی لە «جیاوازیخوازن» تاوانبار کردووە.

چوار: لە ئەگەری سەرکەوتنی کۆماری ئازەربایجان لەو شەڕەدا، سنووری هاوبەشی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئێران دەگاتە ۱۳۰ کیلۆمیتر.

پێنج: سەرکەوتنی کۆماری ئازەربایجان بەمانای پەرەسەندنی نفووزی تورکیە وەک خەنیمێکی گرنگی ناوچەیی ئێرانە.

شەش: کایەکردنی کۆماری ئیسلامی بە کارتی مەزهەب، کاریگەریی نەماوە و ڕۆژ بە ڕۆژ کاڵتر دەبێتەوە.

ئێستا ئەگەر هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە لەگەڵ سیاسەت و ئیدئولۆژی و کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران لە پەنای یەک دابنێین، بەو ئاکامە دەگەین کە کۆماری ئیسلامی ئەوجارەش فرمێسکی درۆ و دووڕوویی بۆ دوو گەلی ئەرمەنی و ئازەری هەڵدەوەرێنێ و بەتەمای پەلهاویشتن و دەخاڵەتکردنە لە کۆماری ئازەربایجان بەو مەبەستە لە نێوەوەی وڵاتەکە ئاژاوە بنێتەوە و دۆخی کۆماری ئازەربایجان بشێوێنێ و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بە قازانجی خۆی بگۆڕێ. ئەگەر ئەو لێکدانەوەیە بە ڕاست دەرچێ، دەبێ چاوەڕوانی هەواڵی دروستکردنی تاقم و گرووپگەلی چەکداری بەکرێگیراو لە نێوخۆی ئازەربایجان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بین، بۆ ئەوەی شەڕەکە درێژە بکێشێ و هەر دوو وڵات، بەتایبەتی کۆماری ئازەربایجان، ئەوەندە لاواز و ناسەقامگیر و بێهێز و بێ توانا بێت کە نەپەرژێتە سەر ئێران و نەبێتە کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی و تاران بەو شێوەیە بەرەنگاری نفووزی زیاتری ئیسرائیل لەو وڵاتە بێتەوە.

وەبیر خۆمانی بێنینەوە. کۆماری ئیسلامی هەر بە نسوی دیفاع لە مافی گەلی موسوڵمانی فەلەستین پەلی هاویشتە نێو پرسی فەلەستینەوە، جووڵانەوەکەی لەنێوەوە دابەش و لاواز کرد، شەڕی نێوخۆی هەڵایساند و پرسی فەلەستینی لە ئەولەوییەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی خست.

کۆماری ئیسلامی هەر بە نسوی دیفاع لە گەلانی موسوڵمانی عێراق و لوبنان و سووریە و پاراستنی «تمامیت ارضی»یان خۆی گەیاندە ئەو وڵاتانە، تاقمگەلی چەکداری بۆ دروست کردن، چەک و پارەی لە ئیختیار دانان، ئاوری شەڕی نێوخۆی خۆش کرد و تووشی ناسەقامگیری و قەیرانگەلی هەمەلایەنەی کردن. ئێستا نۆرەی کۆماری ئازەربایجان، ئەرمەنستان و ناوچەی قەفقازە!

تەنیا دڵخۆشیی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە ڕەنگە ڕووسیەش خوازیاری بەهێزتربوونی کۆماری ئازەربایجانی نزیک لە ناتۆ و ئەمریکا نەبێ. ئەگەر ئەو شەڕە بخایەنێ، لەوانەیە ناوچەکە بەرەو ئاژاوە و تێرۆر و ناسەقامگیری بەرێ و دەرفەت بۆ وڵاتانی دەرەکی، بەتایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی بخولقێنێ دەستی تێوەر بدا و ئەرمەنستان و ئازەربایجانیش تووشی چارەنووسی لوبنان و سووریە و یەمەن و... بکات. بەو هیوایە کە کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بۆ چارەسەریی کێشەکانیان بکەونە دیالۆگ و وتووێژەوە و لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێگاچارەی هاوبەش بۆ کێشەکەیان بدۆزنەوە و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن وڵاتەکانیان لێ کاول بکات.

# ست فاتمە و هونەرمەندانی خوێنەری ئەو شێعرە!



**قادرئەلیاسی**

ماوەیەک لەمەوبەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەڕێزێکی هونەردۆست پێوەندی لەگەڵ گرتم و باسی شێعری «ست فاتمە» و خوێنەرانی ئەو هەڵبەستەی هێنایە بەرباس. سەرەتا چەند کورتە زانیارییەکمان پێکەوە گۆڕییەوە، دەرکەوت ئەو بەتەواویی بەو وەڵامە نەگەیشتووە کە بە دوایدا عەودالە. وادیار بوو بەڕێزێکی تر زیاتر بەو بابەتەوە سەرقاڵ بووە و ویستوویەتی بزانێ لە نێوان مامۆستا ئیبراهیم خەیات و مامۆستا خەلیل سدیقیدا کامیان پێشتر ئەو گۆرانییەیان وتووەتەوە. بۆیە بەباشم زانی باسێکی گشتی لە سەر ئەو بابەتە گەڵاڵە بکەم کە هیوادارم وەڵامێکیش بێ بۆ ئەو بەڕێزە هونەردۆستە و هاوڕێیانی:

پێش ئەوەی بچینە سەر شێعری ست فاتمە، پێویستە بزانین: ئەم هونراوەیە هی مامۆستا «ئەحمەد هەردی»یە. مامۆستا هەردی(١٩٢٢ـ ٢٠٠٦) خاوەنی دیوانە شێعری «ڕازی تەنیایی»یە.

ڕێکەوتی نووسینی شێعرەکە ساڵی ١٩٥٠ـ سلێمانی لە دیوانی «ڕازی تەنیایی»دا تۆمار کراوە. ئەم شێعرە لە لایەن مامۆستایان عەلی مەردان ( ١٩٠٤ ـ ١٩٨١) و ئیبراهیم خەیات (١٩٣١ ـ ٢٠٠٥ ) بەناوی فاتمە بە دوو ئاوازی جیاواز وتراوە. خاتوو کیژان کچی مامۆستا ئیبراهیم خەیات کە بۆ خۆیشی هونەرمەندێکی دیارە، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: «باوکم تەمەنی لە نێوان ١٥ بۆ ١٦ ساڵدا بووە کە ئەو شێعرەی لە مامۆستا هەردی وەرگرتووە». بە قسەی خاتوو کیژان و بەپێی ساڵی لەدایکبوونی مامۆستا خەیات، ئەوکاتە دەکاتە ساڵی ١٩٤٦ ـ ٤٧ی زایینی. لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا، لەگەڵ «مامۆستا گۆران» کوڕی گەورەی مامۆستا خەیات وێڕای پشتراست کردنەوەی ئەم زانیارییانەی خاتوو کیژان، وتی: «مامۆستا هەردی هاوڕێی مامێکم بووە بەناوی تۆفیق کە پیشەی بەرگدووری هەبووە و باوکیشم وەک شاگرد یان فێرخواز لەبەردەستی مامدا ئیشی کردووە. ئەو کاتە مامۆستا هەردی هاتووە بۆ سەردانی مامم لە دووکانەکەی و هێشتا شێعرەکەی تەواو نەکردووە و سەرەتای بووە. بۆیە ئەو چەند دێڕەی کە خوێندووەتەوە، باوکم لێی وەرگرتووە و لەبەری نووسیوەتەوە. ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە کە ئەو ئاوازەی بۆ داناوە و بەگوێی مامۆستا هەردیدا داداوە. پاش ئەوەی شێعرەکە بەتەواویی دەنووسرێ و دەگاتە دەستی بابم، لەگەڵ هونەرمەندان شەوکەت ڕەشید و سەلاح ڕەشید و ئەوانی دیکەی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانیدا، ئەو گۆرانییە دەبێ بە یەکێک لەو بەرهەمانەی کە بەردەوام لە دانیشتنەکانی شاردا بەدەنگی بابم دووپات دەبێتەوە. ئەگەرچی ئەم ڕێکەوتە لەگەڵ ڕێکەوتی ئەو شێعرە (١٩٥٠) کە لە دیوانی ڕازی تەنیاییدا هاتووە، یەکناگرێتەوە، بەڵام بەپێی مێژووی شێعرەکانی دیکەی مامۆستا هەردی، دەگونجێ ١٩٤٦ و ٤٧ سەرەتای دانانی ئەو شێعرە بووبێ و ساڵی ١٩٥٠ تەواوی کردبێ. چونکە چەند هەڵبەستێکی دیکەی مامۆستا هەردی لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەوێ کە ڕێکەوتی دانانی تا تەواوبوونی نزیکەی چل ساڵی خایاندووە. بۆ وێنە «دڵێکی شکاو» ١٩٤٦ـ١٩٨٣ی لەسەر نووسراوە. کەواتە لە دەست پێکردنەوە تا تەواوبوونی شێعرەکە ٣٧ی خایاندووە، هەروەها ڕێکەوتی هۆنراوەی «دوو چەشن دڵداری»، نووسراوە ١٩٥٠ـ١٩٨٣.

بەم پێیە دەتوانین پشت قایم بین بەو ڕوونکردنەوانەی بەڕێزان کیژان و گۆران. بەڵام ئەی کەی مامۆستایان عەلی مەردان، خەیات و سەددیقی تۆماریان کردووە؟

مامۆستا عەلی مەردان ئەو ساڵە هەڵبەستی ست فاتمە دانراوە، تەمەنی ٤٦ ساڵ بووە. مامۆستا عەلی مەردان لەبەر ئەوەی لە ڕادیۆ بەغدا، بەشی کوردی هەم هونەرمەندی ڕادیۆ و هەم کاربەدەستی ئەو ئێزگەیە بووە، دەکرێ پێش لە مامۆستا خەیات تۆماری کردبێ. مامۆستا عەلی مەردان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٤ تۆماری کردووە. دوو هونەرمەندی دیکە هەر کام ئەو شێعرەیان بە گۆرانی وتووەتەوە بەڵام وەک دووبارەکردنەوەی ئاوازی هەرکام لە مامۆستایان عەلی مەردان و خەیات نەک بە شێوازێکی جیاوازتر وتوویانەتەوە. مامۆستا بیژەن کامکار شوێنی مامۆستا عەلی مەردان کەوتووە و ئەو ئاوازەی بە شێوازی نەمر عەلی مەردان وتووەتەوە. مامۆستا «خەلیل سەددیقی»ش (١٩٣٠ ـ ١٩٧٠) ڕچەی مامۆستا ئیبراهیم خەیاتی گرتووە و ئەو شێوازەی هەڵبژاردووە و وتوویەتییەوە کە ئاوازی مامۆستا خەیاتە.

بەپێی مێژووی دانانی شێعرەکە کە ساڵی ١٩٤٦ـ١٩٥٠یە، دەردەکەوێ مامۆستا عەلی مەردان لە دوای ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٥٤ تۆماری کردووە. بەپێی قسەکانی کاک گۆران، ئەو ئاوازە کە نەمر خەلیل سەددیقی وتوویەتی، ئەو ئاوازەیە کە دانەرەکەی مامۆستا ئیبراهیم خەیاتە. چونکە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، مامۆستایان ئیبراهیم خەیات زۆر پێش ئەوەی لە ڕادیۆ تۆماری بکا و پاشان لە تەلەفزیۆنی کەرکووک کلیپ یان کاری نواندنی لێوخوێنی(Playback)ی بۆ ئەنجام بدا، جگە سلێمانی لە شارە دوور و نزیکەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەنگی مامۆستا ئیبراهیم خەیات ناسراوەتەوە.

ئەوەی زیاتر لێرە و لەوێ بە هەڵە بڵاو بۆتەوە، ڕێکەوتی تۆمارکردنی دەنگی مامۆستا خەلیل سەددیقییە. لە چەند شوێن نووسراوە: خەلیل سەددیقی ئەو گۆرانییەی لە ساڵی ١٩٥٤ و ١٩٥٥ کاتێک لە سنە سەرباز بووە، تۆمار کردووە. ئەم ڕێکەوتە بە چەند هۆ دوورن لە ڕاستییەوە، ١ـ ئەو مووزیکەی بۆ ست فاتمەی خەلیل سەددیقی ئامادە کراوە، لە لایەن تیپی مۆسیقای ڕادیۆ کرماشانەوە بووە و سۆلۆی ڤیالۆنی نەمر موشتەبا میرزادە لەو بەرهەمەدا هاوار دەکا. ٢ـ هۆیەکی دیکەی ناڕاستبوونی ئەم ڕێکەوتە گۆڤانێکی ئەو سەردەمەیە، ئەویش مامۆستا محەممەد کەمانگەرە کە لەو کاتەدا یەکێک لە بەرپرسانی ڕادیۆ کرماشان بووە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٢٠/٩/١٥ لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە لەگەڵ مامۆستا محەممەد کەمانگەردا هەمبوو، بە درێژی باسی چوونی مامۆستا خەلیل سەددیقی بۆ ڕادیۆ کرماشانی گێڕایەوە و ساڵ و تەنانەت وەرزەکەشی دەستنیشان کرد. بەڕێز مامۆستا کەمانگەر وتی: «پاییزی ١٣٤٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٦٣ی زایینی ئەو بەرهەمە لە ڕادیۆ کرماشان و لە لایەن تیپی مۆسیقای کرماشان و بە بەشداری مامۆستا موشتەبا میرزادە تۆمار کراوە.» مامۆستا کەمانگەر تەنیا کەسێکی ئاگاداری مێژووی ڕادیۆ کرماشانە کە بەخۆشییەوە لە ژیاندایە.

بەڵام هەتا ئێستا وەک ساڵ و ڕێکەوت، دەستنیشانی ساڵی تۆمارکردنی ئەو بەرهەمە بە دەنگی مامۆستا خەیاتمان نەکردووە. واتە کەی ئەو گۆرانییەی لە ڕادیۆ کوردی بەغدا تۆمارکردووە و کەی کاری کلیپەکەی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک ئەنجام داوە؟ مامۆستا گۆران لەوبارەوە وتی: سەروبەندی ساڵی ١٩٦٩ و ٧٠ی زایینی بووە کە بابی ئەو گۆرانییەی بە ڕەسمی تۆمار کردووە. واتە مامۆستا خەلیل سەددیقی ٦ تا ٧ ساڵ پێش مامۆستا خەیات کەوتووە. بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئاوازەکە هی مامۆستا ئیبراهیم خەیات بووە.

پرسیارێکی جێگای سەرنج!

بۆچی مامۆستا خەلیل سەددیقی لە کاتی خوێندنی گۆرانییەکەدا، ناوی فاتمە ناهێنێ؟ چونکە مامۆستا سەددیقی ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی ـ ١٩٥٢ی زایینی لەگەڵ خاتوونێک بەناوی فاتمە ژیانی هاوبەش پێکدێنێ و لەبەر پاراستنی دابونەریتی باوی چەقبەستووی ئەو کاتە، نەیویستووە یان ڕێگەیان پێ نەداوە ناوی فاتمە بێنێ. وەک لە گۆرانییەکەدا هاتووە، لەباتی فاتمە وشەی چاوەکەم و گیانەکەم دووپات دەکاتەوە.

لەو چوار هونەرمەندە تەنیا بیژەن کامکار لە ژیاندا ماوە. بۆیە وێڕای سڵاو بۆ یادی ئەو هونەرمەندە کۆچکردووانە و تەمەندرێژی بۆ مامۆستا بیژەن کامکار، هەڵبەستی ست فاتمە دەکەین بە پاشکۆی ئەم بابەتە و خوێنەرانی ئەم بابەتەش بە دنیای جوانی هونەر و کامرانی دەسپێرین:

فاتمە! دووچاوی مەستت، پڕ تەلیسمی جوانییە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە
لار و لەنجەت مووسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم، ست فاتمە
تاقە پرشنگێکی چاوت، ئەوپەڕی ئاواتمە

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە
گیانەکەم، ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بە تەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم ست فاتیمە
سەروەتم ناوێ، بزەی تۆ، ئەوپەڕی ئاواتمە

خۆشەویستی وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرز و ناسک، وەک هەناسەی پڕ گوڵاوی دلبەران
نەک وەکوو حەزکردنی دینار و گەوهەرپەرەوەران
ئەو کەسانەی بۆ قڕانێ چەندە دڵیان هەڵوەران
خەڵکی تر پارەپەرستی با بکەن ست فاتیمە:
من بە تەنها تۆپەرستی، ئەوپەڕی ئاواتمە

زۆر کەڕەت هاتم ئەدا داخی دەروونی پڕ گڕم
بۆتی هەڵڕێژم سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم
داخەکەم کاتێ کە دێمە بەر دەمت واقی وڕم
وام ئەشێوێنێ بە جۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتیمە!
گوێیە بۆ ئەم ڕازە شل کەی، ئەوپەڕی ئاواتمە

**سەرچاوە:**
**١ـ دیوانی ڕازی تەنیایی، مامۆستا ئەحمەد هەردی**
**٢ـ وتەکانی مامۆستا محەممەد کەمانگەر**
**٣ـ ڕوونکردنەوەی بەڕێزان خاتوو کیژان و گۆران خەیات.**

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan . No : 785 . 21 October 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:



ڕۆژی دووشەممە ١٤ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەک بە ناوی «خەدیجە مەهدیپوور» تەمەن ٣٣ ساڵ خەڵکی شاری ئیلام، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ١٥ی ڕەزبەر، دوو چالاکی کۆمەڵایەتی بە ناوەکانی «ئەندێشە سەدری و ندا پیرخزرانیان» خەڵکی سنە و دانیشتووی تاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد عەلی خاڵەنژاد» کوڕی «جەماڵ» خەڵکی گوندی «مارەغان»ی سەردەشت، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سێ هاووڵاتیی مەریوانی بە ناوەکانی «حامید دادستان» تەمەن ٥٠ ساڵ، «سۆران دادستان» تەمەن ٢٢ ساڵ و «حەمدی دەبستانی» تەمەن ٤٠ ساڵ خەڵکی گوندی «دەگای شێخان» سەر بە مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنیکی نادیار ڕاگوێزراون.

ڕۆژی شەممە ١٩ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عوسمان خوداکەرەمی» کوڕی کەریم خەڵکی گوندی «وەتەمیش»ی شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەلا جەمشید حەمیدی» کوڕی «مەحموود» خەڵکی گوندی «شاوانە»ی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

چەند ڕۆژ پێش هێزە ئەمنییەتییەکان کچە خوێندکارێکی کوردیان بە ناوی «سومەیە کارگەر» خەڵکی شاری ئیلام و دانیشتووی شاری تاران دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووە.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

«شادمان بەنی بەشەر» چالاکی مەدەنی و ئەندامی گرووپی شاخەوانیی «چلچەمە» بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی دەبێ خۆی بە زیندانی ناوەندیی سنە بناسێنێت.

### کەمکردنەوەی حوکمی زیندانیی هاووڵاتییان:

حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «دارا ڕەشیدی» کوڕی مستەفا خەڵکی شاری سەردەشت، لە زیندانیی ناوەندیی ورمێ، بۆ ٧ ساڵ و ٦ مانگ کەم کرایەوە.

حوکمی ساڵێک زیندانی تەعزیریی چالاکێکی مەزهەبی بە ناوی «سلێمان خێرەدەست» تەمەن ٤٣ ساڵ خەڵکی گوندی «داشبەند»ی شاری بۆکان، بۆ ٩ مانگ کەم کرایەوە.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:



هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەزیز نەسیری» خەڵکی شاری ورمێ، پاش ٢٦ ڕۆژ لە دەسبەسەری لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، بە تەواو بوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی ورمێ کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی ڕەزبەر، فەرهاد تاری مورادی، خوێندکاری کارناسی باڵای جوغرافیای سیاسیی زانکۆی پەیام نووری شاری سنە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی سنە کرا.

ڕۆژی شەممە ١٩ی ڕەزبەر، چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی «ئەفشار فەتحی» کوڕی «ئەحمەد» خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» سەر بە ژاوەرۆی سنە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی سنە کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی ڕەزبەر، شادمان بەنی بەشەر، چالاکی مەدەنی و ئەندامی گرووپی شاخەوانیی «چلچەمە» بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی، خۆی بە لقی ٤ بەڕێوەبەریی تاوانەکانی کەیفەریی سنە ناساند و دواتر بۆ زیندانی ئەو شارە گوازرایەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەزبەر، چالاکێکی سوننی مەزهەب بە ناوی «عەزیز حەیدەرپوور» تەمەن ٣٧ ساڵ و خەڵکی گوندی «کەڕێز» سەر بە بەشی ئەنزەل و دانیشتووی ورمێ، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی ڕەزبەر، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «بێهزاد تەلایی» تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی گوندی «ئەنبێ»ی ناوچەی تەرگەوەڕ و دانیشتووی شاری ورمێ و «سیاوەش جەوان» تەمەن ٢٨ ساڵ خەڵکی کوشتارگای ورمێ، پاش لێپرسینەوەکەیان لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزراون.

### مانگرتنی زیندانیی، و ئازادنەکردنی زیندانی لە زیندان:

دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێران حوکمی ئازادکردنی زیندانییەکی سیاسیی کوردی لە گرتووخانەی ورمێ، بە ناوی «محەممەد پەتاشی» کوڕی «محەممەد کەریم» خەڵکی گوندی «قەمتەرە»ی شاری پیرانشار دەرکرد، بەڵام وەزارەتی ئیتلاعات لەگەڵ ئازادکردنی ئەو زیندانییە سیاسییە دژایەتیی کرد.

ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، «عادڵ موکەڕەم» زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ورمێ، پاش جێبەجێ نەکردنی داواکارییەکانی لەلایەن بەرپرسانی ئەو زیندانەوە، دووبارە مانی گرت.

پاش مانگرتنی «موژگان کاووسی»، لێکۆڵەر و نووسەری کوردی یارسانی، بەرپرسانی زیندانی ئێڤین پێیان ڕاگەیاندووە کە هەتا پێنج مانگی دیکە مافی داواکردنی ئازادیی بێمەرجی نییە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بەپێی یاسا هەر مەحکوومکراوێک بە زیندان، پاش تێپەڕاندنی ٢ لەسەر سێی زیندانییەکەی دەتوانێت داوای ئازادیی بێمەرج بکات، هەتا ئێستا ئیمکانی داواکارییەکەی موژگان کاووسی لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە دەستەبەر نەکراوە.

### خۆسووتاندنی زیندانی:

ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی ڕەزبەر، «عادڵ موکەڕەم» زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ورمێ بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ جێبەجێنەکردنی داواکارییەکەی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی ڕەزبەر، عادڵ موکەڕەم، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ورمێ، لە ژووری تاکەکەسیدا دەستی داوەتە خۆکوژی.

### حوکمی قرتاندنی قامکی دەست:

لقی دووی دادگای کەیفەریی ورمێ، حوکمی قرتاندنی چوار قامکی دەستی ڕاستی بە سەر زیندانییەکدا، بە ناوی «ئارش عەلی ئەکبەری» کوڕی ئیسلام، داسەپاند.

حوکمی قرتاندنی چوار قامکی دەستی ڕاستی دوو برا بە ناوەکانی «مێهرداد و شەهاب تەیمووری» کوڕی «حوسێن» خەڵکی سەرپێڵ زەهاو و دانیشتووی مەلاردی کەرەج، بە تۆمەتی «دزیکردن» لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەلایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە پشتراست کرایەوە.

ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژی ئەمساڵ، کۆبوونەوەی دادگاییکردنی دۆسییەی ئەو زیندانییە بەڕێوەچوو و دادگا ناوبراوی بە تۆمەتی «١٦ حاڵەتی دزیکردنی حەددی» بە قرتاندنی چوار قامکی دەستی ڕاستی بە شێوەیەک کە پەنجە گەورەکەی و بەری دەستی بمێننەوە، مەحکووم کردووە.

### تەقەی هێزە سپای پاسداران لە هاووڵاتییان:

تەقەی هێزە نیزامییەکان لە ماشینێکی پێژۆ لە گەڕەکی دەوڵەتئاوای کرماشان، کوژران و برینداربوونی دوو هاووڵاتیی یارسانیی لێکەوتەوە.؛ هەواڵنێری کوردپا ڕایگەیاندووە لەو ڕووداوەدا «ئەشکان عەزیزی» کوژراوە و «بورهان عەزیزی» بریندار بووە.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەسعەد نۆدشەیی» بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری «تەتە»ی هەورامان بریندار کرا.

ڕۆژی هەینی ١٨ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەماڵ میرزایی» خەڵکی شاری «سەلاسی باوەجانی»، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە لە سنووری نەوسود پێکرا.

ڕۆژی شەممە ١٩ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕەحمەت ئەمینی» خەڵکی گوندی «دارمەکۆن»ی بەشی وەزنێی سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا.


کاتژمێر ٩ی شەوی دووشەممە ٢١ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «وەزیر وەیسی» خەڵکی گوندی «جۆجاڕ»ی بەخشی سەلاسی باوەجانی، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسود پێکرا.

لە ئەنجامی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکان حکوومەتی ئێران، کاسبکارێکی سەقزی بە ناوی «هیوا وەکیلی» کوڕی کەریم، گیانی لەدەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەمین شەمس» بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری چاڵدێران کوژرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەزبەر، کاسبکارێکی مەریوانی بە ناوی «ئیسماعیل نەورۆزی» تەمەن ٣٦ ساڵ دانیشتووی شارەکی «کانی‌دینار»ی ئەو شارە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە کرماشان بریندار بوو.

شەوی دووشەممە ٢٨ی ڕەزبەر، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری بڕوێشکانیی شاری بانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «یاسین فیکری» تەمەن ٢٢ ساڵیان ئازار و ئەشکەنجە کردووە.



### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خوسرەو حەسەنی» تەمەن ٣٨ ساڵ خەڵکی گوندی «کۆریەرە» و دانیشتووی شاری مەریوان، بەهۆی تەقینەوەی مین دەستی قرتا.

### ئێعدامی هاووڵاتییان:

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی ڕەزبەر، حوکمی ئێعدامی زیندانییەک بە ناوی «شارام تەخشا» خەڵکی شاری کرماشان، لە زیندانی سنە جێبەجێ کرا.

### گیان لە دەسدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «شاخەوان فەتاحی» خەڵکی گوندی «گەلاڵ» بەخشی ناوەندیی شاری پاوە، بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ٢١ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «مەولوود خانی» لە کاتی کارکردندا تووشی ڕووداوی کار بوو. ئەو کرێکارە کوردە لە بینایەک لە گوندی «شیان» سەر بە ژاوەرۆی سنە تووشی ڕووداوی کار بووە و بەسەختی بریندار بووە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی سنە کراوە.

ڕۆژی هەینی ٢٥ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «عوسمان عەبدوڵلازادە» خەڵکی سەقز، لە کاتی کارکردندا تووشی ڕووداوی کار بوو.

لەو پەیوەندییەدا کرێکارێکی سەردەشتی بە ناوی «عەلی خزرنیا» لە گوندی «بێژوێ» لە باشووری شاری سەردەشت لە کاتی گوێزتەکاندن بەربووەوە و بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا.

دوو کرێکاری دامەزراوەی وزەی سیکلی ورمێ، کەوتوونەتە ناو ئیگزۆزی ئەو وزەیەخانە و لە ئەنجامدا کرێکارێک گیانی لەدەستداوە و کرێکاریش بریندار بووە. شوناسی ئەو کرێکارەی گیانی لەدەست داوە»هادیپوور» ڕاگەیەندراوە و شوناسی ئەو کرێکارەکەی دیکە هەتا ئێستا ناڕوونە.

### خۆکوژی:

شەوی سێشەممە ٢٩ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «حەمید جاسمی» خەڵکی شاری سنە، بەهۆی کێشەی ماڵی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.